# یەکبوون

UNITED KURDISTAN

کوردستان یەک وڵاتە و کوردیش یەک نەتەوەیە و دابەشکراون

خەرمانانی ٢٧١٢ | یەکبوون ژمارە ٢٩ | August : 2012


## سڵاو لە شەهیدانی ٢٨ی گەلاوێژ




* رۆڵی بەرژەوەندی نیشتمانی لە دارِشتی سیاسەتی ناوخۆیی و دەرەکییدا ........نەوازاد جەمال .... لاپەرەی ٢
* مێژووی یاسای جیا کردنەوەی ئاین لە دەوڵەت و دەسەڵاتداریتیی سیاسی!.....سیروان کاوسی ... لاپەرەی ٥
* پێوەندیی لۆڕەکان و لۆڕستان دەگەڵ کوردەکان ......نووسینی ئەحمەد قازی، وەرگێر:سمایل سۆهرابی..لاپەرەی ٨
* شیرین لە دوو بەرهەمی وەفایی و هێمن دا ......... سەلاح گوڵ ئەندامی .... لاپەرەی .........٩
* تێکچوونی شیرازەی خێزانی و هۆکارەکانی! ...... کوێستان عومەرزادە ......... لاپەرەی ١٢
* ژنانی کورد لە مێژووی ئیسلامدا ......... سیروان موساپوور .... لاپەرەی ١٤
* بارودۆخی ژنانی کرێکار لە ئێراندا ...... شەهین سوڵتانی ......... لاپەرەی ١٥
* یاریە ئۆلۆمپییەکان...... ئامادە کردنی رەحمان نەقشی ......... لاپەرەی ١٦
* رۆژژمێری مانگی خەرمانانی ٢٧١٢ی کوردی ...... رەحمان نەقشی ......... لاپەرەی ٢٠



سەرچاوە
Serchawe

# ڕۆڵی بەرژەوەندی نیشتمانی لە داڕشتنی سیاسەتی ناوخۆیی و دەرەکییدا

م. نەوزاد جەمال

ئینگلتەرە نە دۆستی هەمیشەیی هەیە و نە دوژمنی هەمیشەیی، بەڵکو بەرژەوەندی هەمیشەیی هەیە.

لۆرد پاڵمەرستۆن.

## پێشەکی



هەموو کۆمەڵگەیەک پێویستی بەتەبایی و ئاشتی کۆمەڵایەتی هەیە کە دواجار ئەوەش بەشێکە لە ئامانجی بەرژەوەندی نیشتمانی. سەرەڕای ئەوەی بەدیهێنانی ئەو ئامانجە کارێکی هێندە سانا و بەردەست نییە، چونکە بەرژەوەندی نیشتمانی ڕەهەندی دەرەکی و ناوخۆیی هەیە، کە بەندە بەسیاسەتێکی ڕوونی نیشتمانی و ئەقڵانی و واقیعی کە لە ئاستی بەجێهێنان و چاوەڕوانییدابێ، بەڵام ئێمە ناتوانین هیچ کۆمەڵگەو دەوڵەتێ بخەینە بەرچاوی خۆمان بێ دەستەبەرکردن ئەو ئامانجە. واتە ئەگەر شتێک هەبێ پێناسەی دامەزراوەی دەوڵەت بکات، ئەوە دەبێ بەپلەی یەکەم بەرژەوەندی نیشتمانی بێ. ئیدی هێندەی بەرژەوەندی نیشتمانی سیاسەتی وڵاتێ دەگرێتەوە بەرووی دەرەوەو لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی، ئەوەندەش بەندە بە داڕشتنی سیاسەتی ناوخۆییەوە کە پێداویستیەکانی ژیانێکی شیاو بەدیبهێنێ و لەوێوە پەیوەندیی دەرەکی خۆی دابڕێژێ.

لێرەوە ئەم نوسینە هەوڵدانێکە بۆ وەڵامدانەوەی چەند پرسیارێ (٢) کە یەکەمیان لە کێشەیەکی سەرەکیەوە دەستپێدەکات: ئایا بەرژەوەندی نیشتمانی چ ڕۆڵێکی هەیە لە داڕشتنی سیاسەتێکی کۆمەڵایەتی دروستدا؟ هەروەها پرسیارێکی تر ئەوەیە: بایەخی ئەم چەمکە لە هەرێمی کوردستان لە چیدایە، بەتایبەت کاتێ لە قۆناغی بونیادنانی نەتەوەیی – نیشتمانی دایە؟ چونکە پێداویسیتیەکانی بونیادنانی نەتەوەیی و نیشتمانی کە مەسەلەی جوگرافیی، ئابووری، پرسە کۆمەڵایەتییەکان و کولتورو مێژوو و زمان چەندیین لایەنی تریش دەگرێتەوە، تا چەند وەک بەرژەوەندیی نیشتیمانی خراونەتە بەرنامەو سیاسەتی حکومەتەوە؟ بەتایبەت دەبێ ئەو ڕاستیەش بزانین: ئاخۆ ئەو لایانانە کێن کە دەبێ باس لە بەرژەوەندی نیشتیمانی بکەن، ئایا ئەوە تەنها گوتارێکی سیاسییە یا دروشمێکی سەرنجڕاکێش؟ چونکە گومانێکی شیاو دەکرێ کە بەرژەوەندی نیشتیمانی تائێستاش چ وەک گوتارو چ بەکرداریش لە دامودەزگاکانی دەوڵەتدا ڕەنگی دابێتەوە؟ پاشان هاوڵاتیانی کوردستان لەکوێی ئەم بەرژەوەندییە نیشتیمانیەدان ئەگەر هەبێ؟ چەندان پرسیاری تر کە ناکرێ لەیەک وتاردا جێیان بکرێتەوە.

## ١- باکگراوندی فەلسەفیی: بەرژەوەندی گشتی چییە؟

"بەرژەوەندی گشتی" هێندەی چەمکێکی قەبە و گرنگە لە سیاسەتی نێودەوڵەتی و ناوخۆییدا، ئەوەندەش زاراوەیەکی ناڕوونە. چونکە وەک زۆرێکی تری واژە سیاسییەکان بەچەمکە ئەمباریەکان (container) دەناسرێ. واتە ئەو چەمکانەی کە زۆر مانا و ڕەهەندی جیاواز دەگرێتەوەو یەک واتای جێگیرو چەسپاوی نییە. لەبەرئەوە واتاکەی بەندە بە کۆنتێکستی بەکارهێنانەوە، واتە ئەو شوێن و کاتەی تێیدا بەکاردێ و لەلایەن کێوە جەختی لەسەردەکرێ. ئەمە لەسەر ئاستی تیۆریی، بەڵام لەسەر ئاستی پراکتیکیش کێشەیەکی تر سەرهەڵدەدات: چۆنیەتی وەرگێڕانی پێناسەی بەرژەوەندی نیشتمانی بۆ ستراتیجیەتێکی واقیعی چەند گرنگە ئەوەندەش گرانە. چونکە جێبەجێکردنی ئەرک و کارێکی تری ئەو بنەمایەیە. لێرەوە بۆئەوەی نەکەوینە هەڵەو قسەی سادەو سەرپێییەوە، دەبێ بپرسین: ئاخۆ بەرژەوەندی نیشمانی چییە و لایەنە فەلسەفی و ئەقڵانیەکەی لەکوێوە هاتووە؟

بیرمەندێکی ڕێبازی ریاڵیستی سیاسییە وەک هانس مۆرگنتاو "Hans Morgenthau" (١٩٠٤-١٩٨٠) (٣) پێیوایە ئەم چەمکە بەچەند واتایەکی جیاواز و جۆراوجۆر بەکاردێ، بۆنموونە "بەرژەوەندی گشتی"، "بەرژەوەندییە دژبەیەکەکان"، "سەرەتایی و لاوەکی" و "بەرژەوەندیی ناڕوون" واتە نادیاریکراوەکان (inchoate) و "کۆمەڵگەی بەرژەوەندی" و "بەرژەوەندی تەواوکەر" "بەرژەوەندییە وەک یەکەکان" و "زیندو" و "بەرژەوەندی مادی" و هتد... بۆیە پێناسەی ئەم چەمکە زێتر ڕوو لەئاڵۆزی دەکات، ئەگەرچی زۆربەمان لەیەکەم گوزارشتدا وادەزانین بەرژەوەندی نیشتمانیەکان چیین. هەڵبەت مۆرگانتاو هەوڵییداوە زێتر چەمکەکە ڕوونبکاتەوە لەڕێی دەستنیشانکردنی جۆرەکانیەوە، بەڵام هەوڵەکەی زێتر بە تەمومژاویکردنی چەمکەکە کەوتۆتەوە. لەلایەکی دیکەوە فرانکڵ (J. Frankel) هەوڵێکی تردەدات لە پێناسەکردندا، کاتێک بەرژەوەندی دابەشکردنی بۆ زاتی و بابەتی دابەشدەکات (٤). لەکاتێکدا زۆرێک لە ریاڵیستەکان پێیانوایە دەبێ چەمکی بەرژەوەندی نیشتمانی لە ڕوانگەی چەمکی هێزەوە پێناسەبکرێ، چونکە کاتێک دەڵێین بەرژەوەندی نیشتمانی بریتییە لەوە و لەمە، ئەوە باس لەهێز و دەسەڵاتی و دامەزراوەی دەوڵەت دەکەین لە سنورێکی جوگرافی دیاریکراودا کە توانای وەدیهێنانی ئەو بەرژەوەندیانەی هەبێ. چونکە لەڕوانگەی ئەم دیدە ریالیستیەوە، وتنی یاخود بانگەشەی بەهایەک کەبەرژەوەندی نیشتمانییە، واتە هەبوونی هێز و توانایەکی ڕێکخراو. بەمەش جیاکارێکە لەنێوان دروشم و توانای واقیعی دەوڵەت دەکرێ.

هەڵبەت بۆچوونی ریاڵیستەکان کە دەگەڕێتەوە بۆ ماکیاڤیللی و بەشداری بیسمارک (٥) ، گەرچی شیاو و گونجاوە لەبەرئەوەی لۆجیک و پاساوی خۆی هەیە، وەلێ دەکرێ ڕەخنەشی لیبگیرێ و ڕەتبکرێتەوە. چونکە چەمکی هێز تەنها باس لە توانا و دەسەڵاتی دەوڵەت دەکات و ئەوەی لەوێوە پیادە دەکرێ بەڕووی دەرەوەو و ناوەوە، بەڵام بەرژەوەندی نیشتمانی لەوەش فراوانترە وەک هەبوونی کۆدەنگیەکی جەماوەریی و نیشتمانی لە فۆرمی پەیمانێکدا جەختکردنەوەیە لە باوەڕێکی گشتی کە داکۆکی و پێداگیری دەکات لە بەرژەوەندیەکانی وەک ئەرکێکی نیشتمانی گشتی، نەک هەر لەسەر ئاستێکی فەرمی، واتە

دەوڵەت.شایانی باسە "مایکڵ ڕۆسکین" لەوتارێک دا بەووردی دەستنیشانی دوو ئاستی جیاوازی بەرژەوەندی نیشتمانی دەکات: ئەویش بەرژەوەندییە زیندەوەکانە (vital) واتە سەرەکی و بنەڕەتییەکان و، بەرژەوەندییە لاوەکیەکانە (secondary interests). واتە ئەوانەی بەپلەدوو دێن لە ریزبەندی بایەخ و گرنگی دا لەچاو بەرژەوەندییە پلە یەکەمەکاندا. بەڕای ئەو بەرژەوەندییە بنەڕەتییەکان، زیندووەکان بەهیچ شێوەیەک جێگەی سازش و ڕەتکردنەوەو دەستکاریکردن نییە. لەکاتێکدا بەرژەوەندییە لاوەکیەکان جێگەی دانوستانە بەپێی بارودۆخی رۆژگارو جیهانبینی سەرۆکی وڵات. دیارە بەرژەوەندییە زیندووەکان بریتیین لە "ئاسایش و سەقامگیری وەک نەتەوەو نیشتمانێکی سەربەخۆ و ئازاد و هاوکات پاراستنی دامودەگا و دامەزراوەکان و بەها بنەڕەتییەکان" (٦). بەڵام بەرژەوەندی لاوەکیەکان بۆنموونە لەگەڵ وڵات و هەرێمێکی دەرەکی.

ئیدی لێرەوە دەردەکەوێ کە بەرژەوەندی نیشتمانی پێکهاتەیەکە لە چەند بەهای جیاواز کە نەتەوەیەک بە بایەخ و گرنگ تەماشای دەکات، کە خۆیان لە بەهای وەک ئازادی، ئارامی و ئاسایش، سەقامگیری، ئابورییەکی لەبار، سەروەری سیاسی. ئەمانەش هەموو رەهەند و پێکهێنەری سەرەکین لەداڕشتنی سیاسەتی ناوخۆیی و دەرەکیدا. لێرەوە ئێمە کاتێک دەتوانین باس لە سیاسەتی دەرەکی بکەین کە پێناسەیەکی روون و ئاشکرای بەرژەوەندیەکانی نیشتمانی کرابێ. هاوکات بەڕوونی دەستنیشانی مەبەست –ئامانج و ئامرازەکانی بەدیهێنانی ئەو ئامانجە کرابێ. بۆیە دەبێ ئێمە بەرژەوەندی نیشتمانی وەک گوتارێکی فەرمی دەوڵەت لە بۆچوون و باوەڕێکی گشتی نیشتمانی جیابکەینەوە. ئەمەش بەدوو مەبەست: یەکەمیان بەرژەوەندی نیشتمانی تەنها گوتارو دروشم نییە لەسەر ئاستێکی باڵا و فەرمی. دووەم لەبەر ئەوەی ئێمە بەتایبەت لەحاڵەتی هەرێمی کوردستاندا، کۆدەنگی و هزرو وشیاریەکی گشتیمان سەبارەت بەو بەرژەوەندییە نییە کەدواجار ببێتە سەرچاوەیەک بۆ بەهێزکردنی ئینتمای نیشتمانی-نەتەوەیی. هەڵبەت لەو چەند ساڵەدا ژێدەرەکان دەریانخست کە چەند ئەو ئینتما باوەڕە نیشتمانییە لاوازو پوکاوەیە.

## ٢- بەرژەوەندی گشتی وەک گوتارێ

وەک لە پێناسە و روونکردنەوەی سەرەوەدا دەرکەوت بەرژەوەندی نیشتمانی چەند بایەخ و گرنگی هەیە، جا چ لەسەر ئاستی ناوخۆیی بێ کە دەوڵەت وەک دامەزراوەیەکی رەوا دەبێ بەپشتبەستن بەو ئامانجە سیاسەت و هەڵسوکەوتی خۆی دابڕێژێ. هاوکات رەوایەتی و کەسێتی قانونی خۆشی لێوەی هەڵدەگۆزێ. هەروەها بایەخ و گرنگی بەرژەوەندی نیشتمانی هەر لەسەر ئاستی گوتاری دەوڵەت و کاربەدەستانی نامێنێتەوە، چونکە مەترسییەکانی "گوتاری بەرژەوەندی نیشتمانی و گشتی" یەکەم ئەوەیە کە دەبێتە میکانیزمێ بۆ سەرهەڵدانی دەسەڵاتێکی سەرتاپاگیر. هەروەها دەبێتە رێگایەک بۆ سنوردارکردنی ئازادی و مافەکانی هاوڵاتیان وەک لەئەزموونی حوکمڕانی کوردستاندا چەند جارێ بینیمان. ئەمە جگەلەوەی زۆری لەدەسەڵاتە دیکتاتۆرو چەوسێنەرەکان بەتایبەت لەخۆرهەڵاتی ناوەڕاستدا بۆ زیاتر لەسەدەیەکە لەپشت گوتاری بەرژەوەندی نیشتمانیەوە درێژە بەدەسەڵاتی خۆیان ئەدەن و چنگیان ناوەتە بینی هاوڵاتیانیان و قەڵای دەسەڵاتی خۆیان تا دەهات توند دەکرد.

ئەمە جگە لەوەی چیدیکە ئەو بڕوا درۆینەی کە ناوی "بەرژەوەندی نیشتمانی" بوو رژێمە سەرکوتکەرەکان بۆ چەندیین سەدە لەسەری دەژیان، دواجار وەک گوتارێکی ساختە هەرەسیهێنا. ئیدی ئەوەی کە گرنگە ئێمە بەرژەوەندی نیشتمانی لە گوتارێکی سیاسی و پڕوپاگەندەیەکی ترسناک لە ئامانج و پێوەری حوکمڕانی جیا بکەینەوە. چونکە هەرکاتێ بەرژەوەندی گشتی بووە گوتارێکی سیاسی رووت، دەبێتە باوەڕێکی دۆگماو هاوکات رێخۆشکەرێکی ترسناک بۆئەوانەی بەناویەوە ئەدوێن تادەسەڵات قۆرخبکەن. هەڵبەت مەبەست لەم رەخنەو سەرنجە رەتکردنەوەی گوتارێکی ئەقڵانی نییە کەدەبێ هەموو دەوڵەتێ کاری لەسەر بکات و خۆشی پێ بناسێنێ، چونکە دەبێ دەوڵەت گوتارێکی رێکخراو روونی هەبێ سەبارەت بە بەرژەوەندییە باڵاو نیشتمانیەکانی وەک پەیام و ئامانج و داکۆکی و پارێزگاری لێبکات لە سیاسەتی دەرەکی دا لە ناوخۆدا کاری خۆی پێوە بەرێوەببات.

## ٣- بەرژەوەندی گشتی وەک ئامانجی حکومەت

هەڵبەت ئەوەی لێرەدا دەبێ جەختی لێبکەینەوە ئەوەیە، ئێمە باس لەبەرژەوەندی نیشتمانی وەک ئامانجی دەوڵەت و پێوەرێکی رەوایەتی دەسەڵاتی حوکم سەیربکەین. هەر بۆیە بەرژەوەندی گشتی زۆر جار لەلایەن حکومەتەوە پێناسەدەکرێ و بەدوو واتاش بەکاردێ: لەلایەن سیاسیەکانەوە بۆئەوەی رەفتارێکی تایبەت بگرنەبەر بۆ سیاسەتی دەرەکی. هەروەها بەمانای ئامرازێ بۆ شرۆڤەکردنی سیاسەتی دەرەکی بەتایبەت لە دیدی سیاسیە واقیعگەراکانەوە. واتە بەمانای سیاسەتی دەرەکی دێ. لەروانگەی سیسەتی دەرەکیەوە ئەو بۆچوونە دەگرێتەوە کە دەوڵەتی نەتەوە جەخت لەبەرژەوەندی نەتەوەیی خۆی دەکاتەوە. دیارە لەڕووی مێژوویەوە بەرژەوەندی گشتی لەپاڵ ئایین و مۆراڵ دا بە پاساوی دووەم دادەنرا بۆ بەرپاکردنی جەنگ و شەڕوشۆڕ. ئاشکرایە ماکیاڤیللی بەیەکەمین کەس دادەنرێ کە خاوەنی هێزێکی سیاسی واقیعخوازەو بانگەشەی بۆ بەرژەوەندی گشتی وەک سەرەکیترین ئەرکی حکومەت دەستنیشانکردووە. وەک لە زمانی فەرەنسیدا هاتووە بەرژەوەندی نیشتمانی بەئەقڵ و هۆکاری بوونی دەوڵەت دادەنرێ (reason of the State). سەرەڕای ئەمەش یەکێکە لەو کۆڵەکانەی دەوڵەت لەسەری بەندە و کەسێتی و پێگەی رەوایی دەستنیشان دەکات لە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی دا.

## ٤- زەروورەتێ لە بنیاتنانەوەی نیشتمانی دا

دەشێ بپرسین ئاخۆ کەی و بۆچی قسە لەسەر بەرژەوەندی نیستمانی بکەین؟ بەبۆچوونی من، هەستیارترین کات و زۆرترین هەڕەشەو مەترسی لە قەوارەی سیاسیی و ئاسایشی هەرێمی کوردستان، باشترین کات و گونجاوترین دەرفەتە پێناسەی بەرژەوەندی نیشتمانی بکرێ و چێوەیەکی شیاویی بۆ دابنێین. هەوڵی داڕشتنی سیاسەتی بەدیهێنانی ئامانجەکان لەبەر رۆشنایی ئەو بەرژەوەندیانەدا کە چارەنوسسازن لە هەموو کات گرنگترە، چونکە ئێستا لە قۆناغی بەدەستهێنانی هەندێ دەستکەوت و لەهەڕەشەی لەدەستدان و بەدەستنەگەیشتنی چەندیین ئامانجی نیشتمانیی داین. جگەلەوەی لەڕووی ئیدارییەوە داڕشتنی سیاسەتی دەرەوە لەئەستۆی حکومەتی هەرێم دا نییە، بەڵام ئەمە بۆخۆی کێشەیەکە کە بەرەو ڕووی سیستمی سیاسی ئێراق دەبێتەوە، کە لە ئاست هەڕەشەکانی لەسەر هەرێم لاواز و سستە. ئیدی تۆپبارانی سنورەکان و لەشکرکێشی ئێران و تورکیا، نەک هەر زەنگی ترسناک و هەڕەشە بوون بۆ سەر پێگەی سیاسی هەرێمی کوردستان، بەڵکو زەنگی هۆشیارکردنەوەو بێدارکردنەوەی کاربەدەستانی حکومەت و سیاسەتمەدارەکانە بەدوو دیوودا: یەکەم، تائێستا هیچ کارت و گەڵاڵەنامەیەکی روون و دیاریکراویان نییە کەپێناسەی سیاسەت و شوناسی سیاسی هەرێم بکات بەرامبەر دەرەوە. دووەم ئێمە چۆن بێن باس لەدیپلۆماسیەتی سیاسی بکەین لەکاتێکدا نەزانین بەرژەوەندییە باڵاکانی نیشتمان و هەرێم چین.

هاوکات ئێمە کە ئێستا لە قۆناغی بنیاتنانەوەی نیشتمانی (Nation building) داین، کەئەمەش هەر خۆی بەرژەوەندیەکی باڵایە، بەڵام ناکرێ ئەو خواستە دوابخرێ. ئەگەرچی لەڕووی سیستمی حوکمڕانی ئێراقەوە، هەرێم بەپرس نییە لە سنوورەکان و مافی فەرمی داڕشتنی بەرژەوەندی نیشتمانی نییە جگەلەوەی کە لە چوارچێوەی دەوڵەتی ئێراق دا کراوە. وەلێ یەکێک لە ئامانج و ئەرکەکانی

سەرچاوە Serchawe

دەسەڵاتی خۆجێی هەرێمی کوردستان دەبێ پێناسە و چێوەی هەبێ بۆ بەرژەوەندی نیشتمانی بەتایبەت لەئاست هاوڵاتیان و خەڵکی کوردستان. هاوکات دەبێ لە حکومەتی ناوەندیشەوە توانای سیاسی خۆی بخاتەگەڕ بۆ پارێزگاریکردنی سەروەری و سەربەخۆیی و ئاسایشی هەرێمەکە. دەنا هەرێم دەکەوێتە نێو بەرداشی حکومەتی ناوەندی و هەڕەشەی هێزەکانی دەوڵەتەکانی دەوروپشت.

## ٥- بەرژەوەندی نیشتمانی لە هۆکاری پاراستنەوە بۆ سەرکوتکردن

راستە وەک پێشتر گوتمان رەوایەتی دەوڵەت و حکومەتەکەی بەندە بە بەرژەوەندی نیشتمانیەوە، بەڵام دەشبێتە میکانیزم و دەمامکێ بۆ کاربەدەستانی دەوڵەت تا سەری نەیارو ناحەزەکان و تەنانەت ئەوانەی جیاوازن بخاتە خانەی دوژمنانی بەرژەوەندی گشتیەوە. بەتایبەت ئەمە لەدەوڵەتە ئایدۆلۆجییەکاندا باوە، چونکە ئەنگێزەی بەکاربردنی دروشمی بەرژەوەندی نیشمانی ئامرازی سەرکوتکاری ئەو هێزو بزوتنەوانەیە کە لە دەرەوەی پێناسەی فەرمی دەوڵەت بۆ بەرژدەوەندییە نیشتمای کاردەکەن. دیارە ئەمڕۆ بەکارهێنانی چەمکی بەرژەوەندی نیشتمانی بەندە بە بۆچوونە ریالیستیانەوە بۆ سیاسەتێکی واقیعگەرا کەخۆی لە رێبازی ئایدیالیزمی سیاسی جیادەکاتەوە. بۆیە بەرژەوەندی گشتی دەبێتە سیفەتی سەرەکی رێبازی ریالیزمی سیاسیی لەوەدا کە جەخت لە بەرژەوەندییە زیندوەکانی دەوڵەت دەکاتەوە نەک بەدوای بەدیهێنانی خەونە ئایدیالیستیەکان دا وێڵە. چونکە پێوەری واقیعێتی ئەو پێوەرەیە، کە نزیکە لە واقیعی کۆمەڵگە و دەوڵەتەوە کەئەویش پێوەریی بەرژەوەندییە زیندوەکان دەگرێتەوە. لێرەوە نابێ دەوڵەت لەهێڵی دیموکراسی خۆی لابدات و بەرژەوەندی بکاتە لەمپەر لەبەردەم کرانەوەو ئازادی دا، هاوکات دەبێ بتوانێ دەستبەری ئاسایش و سەقامگیری هەرێمی جوگرافی و داکۆکی لەبەرژەوەندیەکانی بکات لەسەر ئاستی دەرەوە. دەنا هیچ رەوایەتی و پاڵنەرآ نامێنێتەوە بۆ هەبوونی وەک قەوارەیەک.

## ئەنجام

نەبوونی سیستمێکی روون کە بەرژەوەندی نیشتمانی پێناسە بکات، سیاسەتێکی خراپی دەرەکی دەهێنێتە ئاراوە. هەڵبەت بەدەرلەوەی ئاخۆ تاچەند چەمکی بەژرەوەندی گشتی و نیشتمانی دروشم و ئامرازی دەوڵەتە سەرکوتکەرەکانە لەخۆرهەڵات، یاخود چەندە ئەمڕۆ هێزێکی کۆنسەرڤاتیڤی سیاسی لەپشت بانگەشەی ئەم چەمکەوەن، هیچ لەو فاکتە ناگۆڕێ کە ئێمە دەبێ جارێکی تر ئەم چەمکە پێناسە بکەینەوە لەبەر رۆشنایی پەیمانێکی سیاسی و کۆمەڵایەتیەوە، وە رەهەندو بنەماکانی ئەقڵانیانە دابرێژین بەتایبەت ئەگەر سەیری مێژووی سیاسی و قەیرانی وڵاتانی تر بکەین، دەبینین ئەو وڵاتانە پاش جەنگ و کێشەو گرفتە سەختەکان وەک بۆ نمونە لە ئەمریکا پاش روداووی (١١) سێپتەمبەر جارێکیتر قسە لەسەر بەرژەوەندی نیشتمانی کرایەوە. ئەگەرچی ئەوە بەهانەیەک بۆ داگیرکردنی ئێراق و ئەفغانستان لەژێر چەتری جەنگ دژی تێرۆر، وەلی داڕێژەری سیاسەتی دەرەکی ئەو زلهیزەیە لەسەر ئاستی نێو دەوڵەتی.

سەبارەت بە"حکومەتی هەرێم" ئیشکالیەتی قانونی هەیە لەمەسەلەی سەروەری و ئاسایش و پەیوندی دەرەکی. ئەگەرچی لەرووی دەستوریەوە بۆی نییە سەربەخۆ لە بەغداد سیاسەتی دەرەکی خۆی هەبێ. هاوکات سەبارەت بەپرسی نیشتمانی و سنوور و گرێبەستی نەوت و چی و چی مەسەلەی ململانیی و گەمەی سیاسیە لەناوخۆدا بەرەو ڕووی هێزو نەتەوەو مەزهەبەکانی تر. بەڵام "دیفاکتۆ" حکومەتێکی نیمچە سەربەرخۆیە لەڕووی کارگێڕییەوە، بۆیە دەبێ سیاسەت و گوتارو هاوکات روانینێکی دیارو ئاشکرای هەبآ دەربارەی پرس و کێشەی چارەنوسساز. بۆیە دەڵێین پاش قەیرانی نەوت و مادەی (١٤٠) و هێرش و تۆپبارانی ئێران و لەشکرکێشی تورکیا، دەبێ بەرژەوەندی نیشتمانی لە دروشم و قسەی نێو ژورەتاریک و داخراوەکان بێتەدەرەوە و ببێتە بابەتێکی گشتی لای هاوڵاتیانی کوردستان و داکۆکی لێبکرێ.

## پەراوێزو سەرچاوەکان:

(١) نەوزاد جەمال مامۆستای فەلسەفەی کۆمەڵایەتی و فەلسەفەی سیاسی- زانکۆی سەلاحەدین.

(٢) هەڵبەت لەتوانای نوسینێنێکی واکورتدا وەڵامی یەک بەیەکی ئەو پرسیارانە بداتەوە, بەڵکو مەبەست لە وروژاندنیان زێتر دیاریکردنی ئامانج و هێڵێکی سەرەکیی بابەتەکەیە.

(٣) Hans J. Morgenthau, "Six Principles of Political Realism," Politics Among Nations: The Struggle for Power and Peace, Fifth Edition, Revised, (New York: Alfred A. Knopf, ١٩٧٨pp ., ٤-١٥

(٤) J. Franklin, The Science of Conjecture: Evidence and Probability Before Pascal (Baltimore: Johns Hopkins University Press, (٢٠٠١), ٨٠-٨١.

(٥) Michael Roskin: National Interste: from abstraction to strategy ١٩٩٤

(٦) Michael Roskin: National Interste: from abstraction to strategy ١٩٩٤

سەرچاوە : ماڵپەری رۆشنگەری

# مێژووی یاسای جیاکردنەوەی ئاین لەدەوڵەت و دەسەڵاتدارێتیی سیاسی!

## لائیزم Laizizm سێکۆلاریزم Secularizm

## و، بیری بنچینەگری ئیسلامیی

## Fundamentalisme! Islamisme

سیروان کاوسی

پەرلەمانی فەرانسە، ساڵی ٢٠٠٥ ی زایینیی، یادی ١٠٠ ساڵەی پەسندکردنی "یاسای لائیسیتە" ( ، سێ زانا و کۆمەڵناس وپسپۆڕی جیهانیی بەناوی خاتوون میشولین میلۆ (Micheline Milot) لەوڵاتانی کانادا، بەڕێز ژان بۆبرۆ (Jean Baubêrot) لە وڵاتی فەرەنسا، بەڕێز رۆبێرتۆ بلانکارت (Robert Blankarte) لەوڵاتی مەکزیک، دوای پێداچوونەوە وشیکردنەوەی یاسا کۆنە پەسندکراوەکەی پەرلەمانی فەرەنسا کە ساڵی ١٩٠٥ بڕیاردرابوو لەسەری، گەلێک تێبینی و بۆچوونی تازەیان لێزیادکرد و، ناردیان بۆ ٢٥٠ کۆمەڵناس و زانا و مامۆستای زانستگەی وڵاتانی ئینگلیز، ئەمریکا، ئەڵمانیا، نۆروێژ، سوێد، هۆڵەند، رووسیا و ئارژانتین و ...هتد، کە ئەمانەش هەڵسەنگاندنی وردیان لەسەرکرد و، بۆچوون و زانیاریی خۆیانیان خستەسەر پرۆژەکە و، ناردیانەوە بۆ فەرەنسا، بۆ ئەوەی جارێکی دیکە، دوای پەسندکردنی لەلایەن پەرلەمانی فەرەنساوە، بەناوی "یاسای لائیسیتە" لەسەدەی ٢١ لەسەرتاسەری جیهان کارپێبکرێ و، هەوڵبدرێت بۆ جێبەجێکردنی. پاشان دەقی پرۆژەیاساکە، بەزمانەکانی فەرەنسا و ئینگلیزی و سپانی و رووسی و چینی و ژاپۆنی وعەرەبی و چەندین زمانی دیکە وەرگێڕدرا.



ئەوڕۆکە ١١٢ ساڵ لەیاسای لائیزیزم تێدەپەڕێت، بەڵام لەزۆربەی وڵاتانی جیهان، بەتایبەتیی لەرۆژهەڵاتی ناڤین، دیکتاتۆری و چەوساندنەوەی رەگەزی و ئاینی و پێشێلکردنی مافەکانی مرۆڤ و، بێڕیزیکردن بە مافەکانی سیاسی و نەتەوەیی گەلانی بندەست لەوانە نەتەوەی کورد، بەشێوازی جۆراوجۆر درێژەی هەیە .

لائیزیزم کە لەزمانی فەرەنسا "لائیسیتە" ی پێدەگوترێت، لەبنەڕەتدا وشەیەکی یۆنانییە و، مانای جیاکردنەوەی ئاینی هەیە لە حکوومەت و دەسەڵاتدارێتیی سیاسیی. لائیسیتە لەوڵات و کۆمەڵگەیەکدا سەرهەڵدەدا کە حکوومەت رەوایەتی (شرعیت) ی خۆی لە ئاین، یان ئاینزایەکی تایبەتەوە وەرناگرێ و، تێکڕای ئەندامانی کۆمەڵگە، دەتوانن بەسەربەستیی سوود لەو مافانە وەربگرن کە بەپێی یاسای دێمۆکراتیکی وڵاتەکەیان بۆیان رەچاوکراوە.

### لائیسیتە لە ٣ خاڵی بنگەهین پێکهاتووە:

١- سەربەخۆیی تەواوی حکوومەت و ناوەندەگشتییەکانی کۆمەڵگە لەبەرامبەر ئاین.

٢- هەر کەس ئازادە لە بیروباوەڕ و پاراستن و پێڕەوکردنی ئاین، یان ئاینزای خۆی، هەروەها ئەگەر باوەڕی ئاینیی نەبێت.

٣- هیچ جۆرە هەڵاواردن و جیاوازییەک دانانرێت لەنێوان رەگەزی ژن و پیاو، رەنگی پێست، ئاین، ئیدۆلۆژیّ سیاسی و نەتەوە. تێکڕای ئەندامانی کۆمەڵ بەپێی یاسا خاوەنی مافی یەکسانن.

لائیسیتە پاوانی هیچ کولتوور و نەتەوە و کیشوەرێکی تایبەت نییە و، نیازێکی گشتیی کۆمەڵگەی جیهانییە کە بتوانێت دنیایەکی دوور لەهەر جۆرە دیکتاتۆری و چەوساندنەوەی نەتەوەیی و رەگەزی و ئاینی و چینایەتیی بۆ وەچەکانی داهاتوو لەئاستی هەموو جیهان دابین بکات.

بیری لائیزم سەرچاوە و سەرەتاکەی بۆ شۆرشی ١٧٨٩ ی فەرەنسا و بزووتنەوەکانی دژ بەکلێسەسالاریی لەسەدەی نۆزدە دەگەڕێتەوە کە رێخۆشکەربوون لەهەڵگیرسانی شۆرشی مەزنی پاریس لەساڵی ١٨٧١ و لاپەڕەیەکی گەش ونوێی لەبەردەم ئازادیخوازانی نەک هەر فەرەنسا، بەڵکو تێکڕای ئۆروپا کردەوە و بۆ یەکەمجار لەلایەن پەرلەمانی فەرەنساوە لەساڵی ١٩٠٥ یاسای جیاکردنەوەی ئاین لە حکوومەت پەسندکرا. کۆتایی سەدەی هەژدە و سەرەتای سەدەی بیست هاوکات بوو لەگەڵ پەرەسەندنی بیری ئازادیخوازی و پێشخستنی ئازادیی کۆمەڵایەتیی لەکیشوەری ئۆروپا و پاشەکشەکردنی پاپا و کلێسە لە حکوومەت و دەسەڵاتدارێتیی سیاسی و کۆمەڵایەتیی. بەڵام ئەم پاشەکشەکردنە لە ئاستی ئۆروپا وەکیەک نەبوو، چۆنکە لەوڵاتانی باکووری ئۆروپا وەکو نۆروێژ و سوێد و دانمارک و فنلاند، هەروەها لە ئاڵمانیا و ئینگلیز، کە پرۆتستانتیسم (١ *) و رێفۆرماسیۆنی مەسیحیی، مێژوویەکی ٥٠٠ ساڵەی لەنێویاندا هەیە، چینی ئاینیی وەک باقی شوێنەکانی دیکەی ئۆروپا لەلایەن پێشکەوتنخوازانەوە پەلامار نەدرا، هاوکات خێراتر توانییان لەدەسەڵاتی کلێسە کەم بکەنەوە و ناچاریکەن ملکەچی یاسایەک بێت کە لەلایەن زۆرینەی خەڵکەوە پەسنددەکرێت، لەمەوە بیرێکی سیاسیی نوێ بەناوی "سێکۆلاریزم" هاتەکایە. ئەگەرچی سێکۆلاریزم وەک لائیزیزم ئاین و دەوڵەتی لەیەکدیی جیاکردەوە، بەڵام رێی لەبەردەم چالاکیی سیاسی و کۆمەڵایەتیی چینی ئاینیدا نەگرت .

لەگەڵ پەرەسەندنی بزووتنەوەکانی رۆشنبیریی ئۆروپا کە بە "رێنێسانس" نێویرۆیەوە، لەسایی سوودوەرگرتن لەو دێمۆکراسییەی کە ئازادیخوازانی ئۆروپا بەخوێنی خۆیان بەدەستیانهێنابوو، چینی ئاینی توانی خۆی لەگەڵ گۆڕانکارییەکاندا رێکبخا و، حیزب و رێکخراوە و تلویزیۆن دابنێ و چاپەمەنیی بڵاوبکاتەوە و لەئاستی هەموو ئۆروپا بەناوی پارتی دێمۆکراتمەسیحییەوە لە هەڵبژاردنەکاندا بەشداریی بکات .

ئێمە ئەم روانگەیە لەهێندێک وڵاتی ئیسلامیی وەکو تورکیا دەبینین کە ئاین و مۆدێرنیزمی تێکەڵ بەیەککردووە و، ساڵانێکە لەو وڵاتەدا حکوومەت بەڕێوەدەبا و جەماوەرێکی زۆریشی لەدەروی درۆشم وبەرنامەی سیاسی وئاینیی خۆی کۆکردووەتەوە .

بوونی چەند حیزبێکی جیاواز لە تورکیا، بیرێکی هەڵەی لای زۆرێک دروستکردووە کە بڵێن مستەفا کەمال (ئەتاترک) لە تورکیا رژێمێکی لائیکی دامەزراندووە و، سیستەمی سیاسی ئێستەشی بە سێکۆلار نێودەبەن، لەکاتێکدا ئەوی لەناوەرۆکی لائیزیزم وسێکۆلاریزم گەیشتبێ، باشدەزانیت، رژێمی ئەوکات وئێستای تورکیا هیچیەکێک لەو مەرجانەی تێدانەبووە و نییە کە لەسیستەمەکانی لائیک و سێکۆلاردا

پێڕەودەکرێن. سیستەمی سیاسیی تورکیا بەئیدۆلۆژیی رەگەزپەرستانەی یەک نەتەوە و یەک وڵات و یەکزمان و یەک ئاین دامەزراوە و هەوڵیداوە نەتەوەکانی بندەستی، لەنێورەگەزی خۆیدا بتوێنێتەوە و، مافەکانی پشتگوێ خستوون.

بەکورتی دەتوانین سێکۆلاریزم لەم دوو خاڵەی خوارەوەدا پێناسە بکەین:

١- جیاکردنەوەی ئاین لەبەڕێوەبەرێتیی کۆمەڵگە و حکوومەت. تێکڕای ناوەندە گشتییەکانی کۆمەڵگە لەبەرامبەر ئایندا سەربەخۆن و، لەیاسادا ئاین وەک پرسێکی کەسی (شەخسی) چاوپلێدەکرێت.

٢- سێکۆلاریزم بەمانای گواستنەوەی هەموو ئۆرگان و ناوەندەگشتییەکانی کۆمەڵگەیە لەئاینەوە بۆ چوارچێوەی نائاینیی. لەڕوانگەی "کارڵ شمیت" ەوە سێکۆلاریزم ئاڵوگۆڕپێکردنی فەلسەفە و پەروەردە و کولتوور و سیاسەت و ئابووری و دەسەڵاتدارێتیی سیاسییە، لە کلێسەوە بۆ دەوڵەتی مۆدێرنی نائاینیی رژێمەکانی کۆمەڵگەی ئیسلامیی بەتێکڕا دژایەتیی لەگەڵ سێکۆلاریزم دەکەن و، بانگەشەی ئەوەدەکەن، ئاینی ئیسلام لەناوەڕۆکی خۆیدا باوەڕی بەرێزگرتن لە نەتەوە و ئاینی جیاواز هەیە، لەبەر ئەوە ئازادیی تەنیا لەسایی حکوومەتی ئیسلامیدا دەستەبەردەکرێت، نەک لەسیستەمەکانی سێکۆلاری رۆژاواییدا. کاتێک باس لەجیاکردنەوەی ئاین و حکوومەت و دەسەلاتدارێتیی سیاسیی دەکرێت، تێکڕای چینی ئاینیی بەنیشانەی دوژمنایەتیی بەرامبەر بەخۆیان و بێڕێزیکردن بەرامبەر ئیدۆلۆژیی ئیسلامی دەدەنە قەڵەم.

## جیاوازیی نێوان ئاین و زانست!

بنچینەی هەموو ئاینێک لە باوەڕەوە هاتووە، باوەڕکردن بەرووداوگەلێک کە لەسەرووی توانای جەستە و بیری مرۆڤەوە بێت وەک کرداری پەرجۆ (معجزە). باوەڕکردن بەپێچەوانەی زانست، بەتاقیکردنەوە و بەبەڵگە ساخناکرێتەوە و، مشتومڕی لەسەرناکرێت. مرۆڤی خاوەن باوەڕ خۆشەویستییەکی لەرادەبەدەر و بێسنووری هەیە و، ئاینەکەی خۆی نەک هەر بەدرۆ نازانێ، بەڵکو بەڕاست و رەوایان دەزانێ و رێ بەخۆی و بەکەسی دیش نادات بەچاوی شکوگومانەوە بڕواننە ئاین و باوەڕەکەی. ئاین لە خۆشەویستی و ئەڤینی بێسنوورەوە سەرچاوەدەگرێ کە بەزۆر بەریناگیرێ ولەنێو نابرێت و ناسەپێندرێت. ئاین لەپێوەندیی نێوان تاک و خودێ و باوەڕییەوە دەدوێ و، هیچ پلان و نەخشەیەکی زانستانەی بۆ بەڕێوەبردنی ئابووریی وڵات و کۆمەڵگە و رامیاری و پەروەردە پێ نییە. هەموو ئەو داهێنان و پێشکەوتنانەی کە زانستکاران پێیگەیشتوون، لەلایەن کەسایەتی و دەسەڵاتدارانی ئاینییەوە، بەناوی دەستێوەردان لە کاروباری خودا، حوکمی" بێدین" ی دراوەپاڵیان و فتوای کوشتنیان بۆ دەرکراوە. ئێمە ئەم دیاردەیە لەمێژووی بزاڤی رۆشنبیریی ئۆروپا و هەروەها لە رۆژهەڵاتی ناڤین و کوردستانیش دەبینین.

بەپێچەوانەی ئاینەوە، زانست لە ئەنجامی تاقیکردنەوەی بەردەوام و شیکردنەوە و هەڵسەنگاندن و هەڵوەشاندنەوە و سەر لەنوێ بنیادنانەوە و ئەزموونەوە پەیدادەبێت. مرۆڤ بەسوودوەرگرتن لەزانست لەهەموو ئەو دیاردانە دەکۆڵێتەوە کە لەدنیای خۆی و دەرەوەی خۆیدا دەیانبینێت، یان بیریانلێدەکاتەوە. هەموو ئەو پێشکەوتنانەی کۆمەڵگەی مرۆڤایەتیی پێیگەیشتووە و لەداهاتوودا پێیدەگات، لەزانستەوە سەرچاوەیان گرتووە،

ئەگەرچی لەسایی ئەم دوو دیاردە سیاسی وکۆمەڵایەتییەوە (لائیزیزم و سێکۆلاریزم) حکوومەتەکانی رۆژاوای ئۆروپا و چەند وڵاتێکی دیکە لە دنیا توانیویانە ئازادیی سیاسی و کۆمەڵایەتیی و ئاسایش و خۆشگوزەرانی بۆ تێکڕای دانیشتوانی وڵاتەکانیان دابین بکەن، لێ، ماوەی چەند ساڵێکە لەوڵاتانی سکاندیناویا، لە ئەڵمانیا، ئینگلیز و فەرەنسا و بەگشتی لە رۆژاوای ئۆروپا، ئێمە شاهیدی پەرەسەندنی رەوتێکی رەگەزپەرستانەین و، کەشێکی دژ بەپەنابەران پەیدابووە. هەروەک هاوینی رابردوو لەوڵاتی نۆروێژ فاشیستێک بەناوی "برێڤیکس **Breviks** "بەنیشانەی دەربڕینی نارەزایەتیی بەرامبەر سیاسەتەکانی حیزبی دەسەڵاتداری سوسیالدیمۆکرات، بۆمبێکی بەهێزی لەبەردەم نووسینگەی سەرۆکوەزیراندا تەقاندەوە، پاشان هێرشیکردە سەر جێژنی لاوانی پارتەکە کە لەدورگەیەکی دەرەوەی ئۆسلۆ بەڕێوەدەچوو، بەدەسرێژی گوللە هەشتا لاوی کوشت وچەندەهای دیکەشی بریندارکرد.

ئۆروپا کە بەناوەند و چاوکانیی ئازادی ودیمۆکراسی نێوبانگی هەیە و، رۆڵێکی مەزنی لەپێشخستنی ئازادی و دیمۆکراسی لەکیشوەری خۆی و لەئاستی هەموو جیهان گێڕاوە، وڵاتی فەرەنسا کە بە دایک و لانکەی بیری لائیسیتە دەناسرێت، ئەوڕۆکە راستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ لەپەرەپێدان بەبیری رەگەزپەرستی و دژایەتیکردنی ئاینیی دەستیان هەیە، کە ئەمەش بەتەواوەتیی بەپێچەوانەی هەموو ئەو یاسا و پرنسیپانەیە کە بناخەی سیستەمی سێکۆلاری وڵاتەکانیان لەسەریداناوە. بۆ نموونە، دەولەتی سارکۆزیی بەئاشکرا پشتیوانیی لەرێکخراوەکانی توندڕەوی وڵاتەکەی لەبەرامبەر پەنابەرانی دانیشتووی فەرەنسا دەکات کە زۆرینەیان لەوڵاتانی ئاسیا و ئەفریقاوە هاتوون. یان خاتوون ئەنجێلا مێرکل **(Angela Merkel)** سەرۆکی ئەڵمانیا لەبۆنەی رێکخراوی لاوانی پارتی دیمۆکراتمەسیحیی وڵاتەکەیدا دەڵێت: "ئێمە لەگەڵ بەهاپیرۆزەکانی ئاینی مەسیحیدا جۆشدراوین و هەرکەسێک ئەمە پەسندنەکات، ناتوانێت لێرە بژیت!". ئەمە لەکاتێکدا بەپێی یاسای رژێمەکانی سێکۆلاری وڵاتانی ئۆروپا، تێکڕای دانیشتوانی وڵات سەرەڕای جیاوازیی رەگەزی وئاینی و نەتەوەیی و بیروباوەڕ و مافیان وەکیەک پارێزراوبێت.

سەرهەڵدانی قەیرانی ئابووریی لە پورتوگال و یۆنان و سپانیا و تەنانەت فەرەنسا و ئینگلیز و پەرەسەندنی رێژەی بێکاریی زەوینەی خۆشکردووە بۆ سەرهەڵدانی نارەزایەتیی لەنێو گەلانی ئۆروپا دژ بەحکوومەتەکانیان هاوکات، "حیزبەکانی راست" کە لەسەر بنچینەی دژایەتیی رەگەزی و پاراستنی بەرژەوەندیی چینەکانی خاوەندەسەڵات دامەزراون، تێدەکۆشن رووی دژایەتییەکان بەرەولای پەنابەرانی دانیشتووی ئۆروپا راکێشن. بەردەوامی و پەرەسەندنی زیاتری ئەم دیاردەیە بەپلەی یەکەم زیان بە سیستەمەکانی سێکۆلاری ئۆروپا دەگەیەنێ، ئەوجا زیانی بۆ پەنابەران دەبێت کە زۆرینەیان دەیان ساڵە نیشتەجێی ئەم وڵاتانەن و رۆڵی بەرچاویان هەیە لەبەڕێوەبردنی کاروباری کۆمەڵایەتی و ئابووری و خزمەتگوزاریی ئەم وڵاتانەدا.

## رۆژهەڵاتی ناڤین وپرسی سێکۆلاریزم!

کۆمەڵگەی مرۆڤایەتیی خەباتێکی دژوار و دوورودرێژ وخوێناویی لەدژی دەسەڵاتی ئاینی و ئاینسالاریی تێپەڕکردووە. لەوڵاتانی ئۆروپا شیکردنەوە و وەلانانی ئاین لەدەسەڵاتی سیاسی و گەیشتن بەلائیزاسیۆن وسێکۆلاریزم مێژوویەکی ٢٠٠ ساڵەی هەیە، بەڵام لەوڵاتانی رۆژهەلاتی ناوەڕاست گەلانی ناوچەکە نەیانتوانیوە هیچیەکێک لەو مافانە بەدەست بهێنن کە گەلانی ئۆروپا پێیگەیشتوون. ماوەی پتر لەساڵێکە شەپۆلێکی بەرین و مەزنی جەماوەریی لەدژی رژێمەکانی دیکتاتۆر و دژ بەئازادیی، لەوڵاتانی عەرەبی سەریهەڵداوە، بەڵام ئەوی کە بە کۆسپی گەورە لەبەردەم گەلانی وڵاتانی عەرەب بۆ گەیشتن بە کۆمەڵگەیەکی ئازاد و دیمۆکرات دادەنرێت، لەڕاستیدا رژێم و سەرۆکەکانیان نین، بەڵکو ئەو کۆسپ و تەگەرە ئاینی و فەرهەنگی و مێژووی و ئابوورییانەن کە لەنێو ئەم وڵاتانەدا مێژوویەکی دێرینیان هەیە و، بوونەتە هۆی ئەوە کە لەچاخەکانی کۆنەوە تاکو ئەمڕۆ چەند کەسانێک ببن بەمیری سەربڕ بەسەریانەوە و، لەرۆژانێکی وەک ئەمڕۆشدا کە لەسەرەتای هەزارەی سێیەمی زانیدا دەژین، دیکتاتۆری و تێئۆکراسی ئاینیی (٢ ٭) کە رۆڵێکی مەزنی لەهێشتنەوەی دەسەڵاتی خۆی هەیە، لەبەرگ و شێوازێکی تازەدا سەرهەڵێنێتەوە و، هەوڵبدات بۆ سەرپەرشتیکردنی راپەڕینی گەلانی عەرەب و رۆژهەڵاتی ناوەڕاست بەگشتیی.

سەرچاوە
Serchawe

گەلانی عەرەب و تێکڕای وڵاتانی ئیسلامی - لەگەڵ باشووری کوردستان کە ئەوڕۆکە لەلایەن کورد خۆیەوە دەبرێت بەڕێوە، بۆ گەیشتن بە دیمۆکراسی و ئازادییەکی راستینە، سێ ئەرکیان لە پێشە:

١- جیاکردنەوەی ئاین لەحکوومەت، سەربەخۆیی تەواوی ئۆرگانەکانی سیاسی و ناوەندەکانی کۆمەلایەتیی لەبەرامبەر ئایندا. هیچ ئاینێک بە ئاینی فەرمیی (رەسمی) وڵات نەناسرێت. حکوومەت لەبەرامبەر هەموو ئاین و ئیدۆلۆژییەکاندا بێلایەن بێت.

٢- ئازادیی بیروباوەڕ چ ئاینی، چ نائاینیی. تێکڕای دانیشتوانی وڵات لەئەنجامدانی چالاکیی سیاسی و ئاینیی خۆیاندا سەربەست و ئازاد بن.

٣- هیچ چەشنە جیاوازی و هەڵاواردن (تبعیض) ێک لەنێوان تاکەکانی کۆمەڵ، رەگەزی ژن و پیاو، نەتەوە و ئایندا نابێ بکرێک. تێکڕای دانیشتوانی وڵات خاوەنی مافی یەکسان بن.

لەکۆمەڵگەی وڵاتانی ئیسلامی - بە کوردستانی ئێمەشەوە کە خاوەنی زۆرینەیەکی موسڵمانین، سێ جۆرە بۆچوون و لێکدانەوەی جیاواز سەبارەت بە جۆری رژێم و دەسەڵاتداریتیی سیاسی بەدیدەکرێت:

١- دەستەی یەکەم پێڕەوانی بیری بنچینەگری ئیسلامین و، بۆ هێنانەسەرکاری رژێمێکی ئیسلامیی تێدەکۆشن کە بەپێی یاسا و دەستووری ئیسلامیی بچێت بەڕێوە. قورئان و یاساوڕێسای ئیسلامیی بەسەرچاوەی بڕیاردان و بەڕێوەبردنی کۆمەڵگە دادەنێن. لەنێو وڵاتانی عەرەبیدا رێکخراوی "اخوان المسلمین"، لەباشووری کوردستانیش "یەکگرتووی ئیسلامیی" بۆ ئەم ئامانجە تێدەکۆشن.

٢- دەستەی دووەم ئەو بەشەن کە پڕۆپاگەندە بۆ دامەزرانی رژێمێکی دیمۆکراتی ئیسلامی دەکەن و، دەڵێن رژێمی ئیسلامیی دەتوانێت لەگەڵ مۆدێرنیزم و گۆڕانکارییەکانی تازەی جیهان خۆی بگونجێنی و مافی دامەزرانی سەندیکا و رێکخراوە پیشەیی و کۆمەڵایەتییەکان بەرەسمی بناسێ، رێز لە مافی مرۆڤ و بیروباوەڕی جیاواز بگرێت. لایەنگرانی ئەم بیرکردنەوەیە، رژێمی ئێستای تورکیا بەنموونە دەهێننەوە، کە توانیویەتی سەرکەوتوانە لەماوەی ئەم چەند ساڵەدا وڵاتی تورکیا ببابەڕێوە و رێژەی گرانی و بێکاریی کەم بکاتەوە و، گەشە بەئابووریی وڵاتەکەی بدات.

٣- دەستەی سێیەم، دامەزرانی حکوومەتی ئیسلامی و هەرجۆرە دەستێوەردانی چینی ئاینی لەکاروباری سیاسی و کۆمەڵایەتی وڵاتدا رەتدەکەنەوە و، بەزیان بۆ سەر کۆمەڵگە و وڵاتی دەزانن و بۆ دامەزراندنی حکوومەتێکی سێکۆلاری فرەحیزبی - پەرلەمانیی تێدەکۆشن و باوەڕیانوایە هیچ جۆرە گۆڕان و چاکسازییەک لە حکوومەتی ئیسلامیدا روونادا، چۆنکە حکوومەتی ئاینیی لەبنەڕەتدا باوەڕی بە ئازادی و مافی مرۆڤ و یەکسانیی نێوان رەگەز و مرۆڤەکان نییە و کۆمەڵگە لەدواکەتوویدا دەهێڵێتەوە و، بۆ مانەوەی خۆی، ناکۆکی و دوژمنایەتیی ئاینیی پەرەپێدەدات.

روون وئاشکرایە، دیمۆکراسی و هزروکولتووری ئازادیخوازیی لە پڕۆسەیەکی مێژوویی و لەئەنجامی تاقیکردنەوەی بەردەوام لەنێو کۆمەڵەخەڵکێکدا سەرهەڵدەدا، گەشەدەستێنێ و دەبێتە فەرهەنگی زاڵ بەسەر کۆمەڵگە و تێکەڵ بەژیانی خەڵک دەبێت. لەبەر ئەوە گەلانی ناوچەی رۆژهەڵاتی ناڤین بۆ گەیشتن بەدیمۆکراسی و دادپەروەریی کۆمەڵایەتیی، رێگەیەکی دوورودرێژیان لەبەردەمدایە، هەر بۆیە دەبێ چاوەڕوان بین، راپەڕینی گەلانی ناوچەکە، بەوتەی چاودێرانی سیاسیی، هاتنی "بەهاری عەرەبی"، ئایە دەتوانێت کۆتایی بەسیستەمەکانی دیکتاتۆر و سەرەڕۆی ناوچەکە بهێنێ و، داهاتوویەکی گەش و بەختەوەریان بۆ مسۆگەر بکات، یان "بەهاری ئیسلامیی" لێ شین دەبێ و، دەبێتە هۆی پەرەسەندنی ئیدۆلۆژیی ئاینسالاری و ئیسلامیگەریتی و هاوتنەسەرکاری چەند رژێمێکی ئیسلامیی لەناوچەکە!؟

## سێکۆلاریزم و بزووتنەوەی رزگاریخوازیی کورد!

شۆرش و بزووتنەوەی بەردەوامی نەتەوەی کورد بەدرێژایی سەدەی رابردوو لەدژی کۆیلەتی و دیکتاتۆری و چەوساندنەوەی بەردەوام وبەربڵاوی داگیرکەران، هیچکاتێک جیا نەبووە و نییە لەخەبات بۆ وەدیهێنانی یەکسانی و دادپەروەری و ئازادیی سیاسی و کۆمەڵایەتیی. رەنگە هیچ نەتەوەیەک بەئەندازەی نەتەوەی کورد لەمانا و ناوەرۆکی دیکتاتۆری وشەوەزەنگ ورەشەکوژی و بێمافی تێنەگەیشتبێت، چۆنکە بەدرێژایی مێژووی دابەشبوونی، بندەستی کۆمەڵەرژێمێکی رەگەزپەرستە کە مێژوویان پڕە لە خوێنڕشتن و کاولکاری و داگیرکاری و بەدرێژایی مێژووی پڕ لەتاوانیان بچووکترین مافێکیان بە گەلانی بندەستیان بەڕەوا نەزانیوە. لەبەر ئەوە، کورد چەند پێویستی بە سەربەخۆیی و و رزگارکردنی خاکەکەی لەژێردەستی داگیرکەرانی خوێنڕێژی هەیە، هێندەش پێویستی بەوەیە لەوڵات و نیشتمانێکدا بژی کە چیدیکە لەلایەن هیچ سەرکردە و حیزب و هێزێکی خۆیی و بێگانەوە، لەسەر بیروباوەڕی سیاسی و ئاین و ئاینزا و هزر و رامانی جیاوازەوە ئازارنەدرێ، سووکایەتی پێنەکرێ، تووشی راوەدوونان و گرتن و گوللەبارانکردنی نەیەت .

لەپاش دەیانساڵ قوربانیدان وماڵوێرانیی، نەتەوەی کورد لەبەشێکی نیشتمانەکەی – لەباشووری کوردستان خاوەنی دەسەڵاتێکی سیاسیی خۆییە. ئەمە جێی دڵخۆشیی هەموو کوردێکی دڵسۆز و نیشتمانپەروەرە کە بەپەرۆشەوە حەز بە پێشکەوتن و سەقامگیربوونی زیاتری حکوومەتە کوردییەکەی خۆیبکات.

حکوومەتی هەرێمیش دەتوانێت جێی هیوا و رۆناکی ورێپێشاندەری نەتەوەی کورد بێت لەهەموو بەشەکانی کوردستان، بە مەرجێک، لەباتی حیزب، حکوومەت و پەرلەمان بکرێنە ناوەند وسەرچاوەی بڕیاردانی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابووری و هەموو ئۆرگانەکانی دیکەی وڵات. لەیاسادا هیچ ئاین، یان ئاینزایەک نەکرێتە ئاینی فەرمی و ئاینەکانی دیکە بە نافەرمیی لەقەڵەم نەدرێن. ئاین وەک پرسێکی "کەسیی" دابنرێ و، ئاین و حکوومەت بەفەرمیی لەیەکدیی جیابکرێنەوە. حکوومەت سەبارەت بە ئاینەکان بێلایەن بێ و راستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ پشتگیریی لەهیچ ئاینێک نەکات. هەموو جۆرە بیروباوەڕێک ئازادبێت، بەمەرجێک پەنا نەباتە بەر توندوتیژی و زمانی هەڕەشە و سووکایەتیی بەکارنەهێنێت .

جێی داخە، چەندین کاناڵی سەتەلایت و لۆکاڵی (ناوچەیی) حیزبیی لەلایەن حکوومەتی هەرێمەوە دامەزراون، بەڵام حکوومەت خۆی تاکە تەلەفزیۆنێکی دانەناوە کە زمانڕەوشی هەموو پێکهاتە جیاوازەکانی گەلی کوردستان بێ و تێبکۆشێت بۆ پەروەردەکردنی تاکی کورد لەڕووی هۆشیاری نەتەوەیی و فەرهەنگی و رۆشنبیری و کولتووری رێزلێنان لەبیروباوەڕی جیاواز و دیمۆکراسی و بیری ئازادیخوازیی بڵاوبکاتەوە ..

جێبەجێکردنی ئەم ئەرکانەی سەرەوە، جەوهەر وناوەرۆکی سێکۆلاریزم پێکدێنن کەدەیان ساڵە رۆژاوای ئۆروپا پێڕەویدەکەن و توانیویانە لەڕووی سیاسی و کۆمەڵایەتییەوە گەلێک سەرکەوتنی گەورە بەدەست بێنن و ئاسایش و ئازادی و بەختەوەریی بۆ تێکڕای دانیشوانی وڵاتەکانیان دابین بکەن .

## ژێدەر

(١ *) – پرۆتستانتیسم: (Protestantism) یەکێکە لە لقەکانی ئاینی دیان (مەسیحی) و سەرەتا لەسەدەی پانزەی زاین لەلایەن قەشەیەکی ئەڵمانی بەناوی "مارتین لۆتر" وە پەیدابوو. زۆرینەی پێڕەوانی ئەم ئاینزایە لە باکووری ئۆروپا دەژین. پرۆتێستان بەو بەشە لەپێڕەوانی ئاینی مەسیحی دەگوترێت کە لە بەرامبەر بەشێک لە یاسا و دەستووری پاپا و کلێسەی رۆم وەستانەوە و داوای چاکسازی و گۆڕانیان دەکرد . مێژووی پێڕەوانی ئەم ئاینزایە بۆ سەدەی پانزەی زاین دەگەڕێتەوە.

سەرچاوە
Serchawe

(*٢) - تێئۆکراسی ئایینی (**Theocracy**) بەکوردییەکەی دەسەڵاتدارێتیی ئایینی دەگەیەنێت. وشەی تێئۆکراسی لەبنەڕەتدا یۆنانییە و مانای حکوومەتی خودای هەیە و، بە حکوومەتێک دەگوترێ کە خودا و ئاینێکی تایبەت بەسەرۆک و خاوەنی رژێم وکۆمەڵگە دەزانێ و، خودا لەرێگەی نوێنەرەکانییەوە حکوومەت دەکات، بۆنموونە وەلی فەقیە لەرژێمی ئیسلامیی ئێراندا دەڵێ، نوێنەری خودا و رەسوولی خودا وئیمامەکانی شیعەیە. هەروەها لەوڵاتی سعوود بنەماڵەی ئال سعوود خۆیان بەنوێنەری خودا و پەیامهێنەری ئیسلام دەدەنە قەڵەم و رژێمێکی ئاینسالار بەرێوە دەبەن.

http://www.halabja.info/index.htm

## پێوەندیی لوڕەکان و لوڕستان دەگەڵ کوردەکان

نووسیمی : ئەحمەد قازی وەرگێر : سمایل سۆهرابی

هێندێک لە مێژووزانانی ئێران بە تایبەتی مێژوونووسانی ئەم سەردەمە لوڕەکان بەکورد نازانن، تەنانەت لەم پێوەندییەدا لوڕەکان دەوروژێنن و لە نێوانیان دا بۆ ئاژاوە نانەوە پروپاگەندە دەکەن. مەبەستە سیاسییەکانی خۆیان کە پەرەپێدانی ناتەبایی و دووڕووییە لە نێوان کورد و لوڕەکان پەیرەو دەکەن و لەو پێناوەدا ناکۆکیی سوننە و شیعە دەکەنە کەرەسەی سیاسی و کەلکی لێ وەردەگرن.

بۆ ئێمە بۆئەم مەبەستە نووسراوەکانی میر شەرەفخان بەسە کە بە ڕاستی مێژوونووسێکی شارەزاو ڕاستگۆ بوو. هەروەها ئاماژە بە بارودۆخ و بەسەر هاتەکانی رۆژگاری خۆی و سەدەکانی پێش خۆشی دەکەین کە زانیاریی تەواوی لە بارەیانەوە هەبوو تاکوو بۆ هەموان ڕوون بێتەوە کە لوڕ و کورد یەکن و لە بنەڕەت و ڕەگەزدا بەیەک دەگەن .

سەبارەت بە ناوی» لوڕ» لە شەرەف نامەدا دەبینین کە »لوڕ»ەکان ناوی خۆیان لە ناوچەیەک دا هەر بەو ناوە لە ویلایەتی مانروود وەرگرتوە و بەشی هەرە زۆری نژادی لوڕەکان هەر لەو ناوچەیە را بۆ کوردستان هاتوون. جیا لەشەرەفخان هێندێک لە مێژوونووس و خاوەنڕایانی دیکە پێیان وایە ناوی لوڕستان لە» لێر» وەرگیراوە کە لە کوردیدا بە مانای دارستانی جەنگەڵە. لە زمانی کوردیدا ناوی «لێرەوار» بە ناوچە جۆراوجۆرەکانی کویستانی زاگرۆس دەکوترێ کە جەنگەڵێکی زۆری لەخۆ گرتوە. لوڕستان بە دوو بەش دابەش بووە (لوڕی گەورە) کە مەبەست مادی گەورەیە، (لوڕی بچووک ) کە بەشێکە لە مادی بچووک. لە سەدەی سێی کۆچیدا لوڕی گەورە لە ژێر دەسەڵاتی ئەمیرێک بووە بەناوی «بەدر»، لوڕی بچووکیش برای بەدر واتە ئەمیر مەنسور بەرێوەی بردوە. لەساڵی 500 ی کۆچی ڕادەی چوارسەد بنەماڵەی کوردەکانی شام لە شوێنی ژیانی خۆیان لە»جبل السماق» (کوردستانی سورییەی ئێستا) بەرەو لوڕستانی ئێستا کۆچیان کردوە. مێژوونووسان هۆکاری ئەم کۆچ کردنە لە تێک هەڵچوون و دەمەقاڵەیەک دەزانن کە لە نێوان کۆچەرییە کان و دەسەڵاتدارەتیی ئەو ناوچەیە هاتبووە ئاراوە. ئەو کۆچەرانەی کە لە جەبەل سماق هاتبوون بە شێوەی ژێر دەستەیی لە( خیل احفاد اولاد محمد خورشید) واتە گروپی سوارکارانی کوڕ و کچەکانی محەممەد خورشید کە پاشماوەی ئەمیر بەدر بوون مانەوە. سەرۆکی کۆچەرەکان کە ناوی ئەبوو حەسەنی فەزلەوی بوو هێواش هێواش لە نێو سیستمی دەسەڵاتداریی خانەدانی محەممەد خورشید بە هۆی دلێری و لێوەشاوەیی پلەکانی سەرکەوتنی بڕین. یەکێک لە نەوەکانی ئەبوو حەسەنی فەزلەوی بە ناوی ئەبوو تاهیر پۆستی ساڵاری بەشێک لە سوپای سەلخوریانی بەدەست هێنا. لە ئاکامدا بە هۆی دلێری و سەرکوتی سەرکەوتوانەی نارازییان، لە سیتمی دەسەڵاتداریی ئەتابەک «اتابک» ی سلخور بەپۆستی گەورە گەیشت و دەسەڵاتداریی ویلایەتی لوڕستان بەو سپێردرا. ئەبوو تاهیر دوای ماوەیەک لە لوڕستان سەربەخۆیی ڕاگەیاند و خۆی بە ئەتابەک ناو نا و لە بەرێوە بردنی دەستووراتی ئەتابەکی سەلخوری سەر پێچییی کرد. دوای ئەبوو تاهیر پاشماوەکانی وی بە ناوی ئەتابەکی لوڕستان درێژەیان بە دەسەڵاتداری دا. لە ئەبوو تاهیر پێنج کوڕ بە یادگار مانەوە کە بریتی بوون : هەزار ئاسف، بەهمەن، عیمادەدینی پەهڵەوان، نەسرەدینی دیلواکوش و قزڵ ئەتابەک.

ئەم برایانە بە پێچەوانەی زۆر لەدەسەڵاتداران وحاکمانی دیکە کە بەردەوام لەسەر وەدەستهێنانی هێزی زیاتر دژایەتی و بەربەرەکانیان دەکرد، پێکەوە یەکگرتوو بوون، کە هەر ئەوەش بووە هۆکاری مانەوە و بەهێزیی حکوومەتەکەیان. هەزار ئاسف بە هاوکاریی براکانی و سەرانی عەشیرەتەکان دەستی کرد بە ئاوەدان کردنی لوڕستان، هەروەها بۆ ئاسایش و خۆشگوزەرانی خەڵکی و ئاوەدان کردنی ناوچەکانی لوڕستان هەرچی لەدەستی هات کردی و لەو ڕاستایەدا خۆبەخشانە تێ دەکۆشا. چەند شوێنی جۆراوجۆرو گوندو شاری تازەی بۆ ژیانی خەڵکی دروست کرد، بەجۆرێک کە دەنگی عەدەاڵەت خوازی وخزمەت بەگەڵەکەی لە هەموو ناوچەی دوورو نیزیکی لوڕستان دەبیسراو دەبینرا. هەر ئەو کارانەش بۆنە هاندەرێک بۆ کۆچ کردنی بەشێکی بەر چاوی دیکە لە کوردەکانی شام و دەوروو بەری بۆ لوڕستان. میر شەرەفخان ناوی هێندێک لەو تایفەو عەشیرانەی هێناوە کە ئاماژە بەناوی بە شێکیان دەکەین: ئەسترەکی، ماماکۆیی، بەختیاری، جوانکی، بیدانیان، زامدیان، تووتووند، بووازکی، شناوەند، تیووند، ڕاکی، هاروونی، ئەشکی، کۆیی، کەمانکێش، ئەومکی، کولارد، کوردو .....پێکەوە لکانی ئەو تایفەو عەشیرانە کە زۆر دەست ڕۆیشتوو بە نفووز بوون بۆ هۆی بە هێز بوونێکی زۆری سوپاو سەرۆکایەتی هەزار ئاسف و براکانی. دوای ماوەیەک شاری لوڕستان و چەند ناوچەیەکی دیکە ش بە دەسەڵاتی حکوومەتی لوڕستان زیاد کران. خەلیفەی بەغدایە دەگەڵ هەزار ئاسف پێوەندێکی دۆستانەی پێک هێناو نیشانەو خەڵاتی بۆ نارد. لە زەمانی هێرشی هەلاکۆ خان بۆ سەر بەغدایە ئەتابەک تکلە فەرمانڕەوای لوڕستان بۆڵای خەلیفە چووو پێوەندێکی باشی دۆستانەیان پێک هێنا. بەڵام کوژرانی خەلیفەی بەغداو ئازاردانی موسولمانان بۆ هۆی دڵ ڕەنجی تکلە. هەلاکۆ بە نارەزایەتی و سۆزی تەکلەی زانی، بۆیە هەڵاکۆ ویستی بیکوژییە بەڵام تکلە هوشیار تر بوو لەوەی خۆی وەدەست بدا ، لەهەلێکی ڕوخساوکەڵکی وەرگرت و دەرباز بووو لە قەڵای بە هێزی لوڕستان سەنگەری گرت. هەلا کۆ بەشێک لە لەشکرەکەی خۆی بە دوادا نارد کە بیگرن بەڵام نەیان توانی تکلە دەست گیر کەن. سەرەنجام هەڵاکۆ ئەنگوستیلەی خۆی بە نیشانەی ئاشتی و سوڵح بۆ نارد کە بۆ هۆی ئاشتی و تەبایی لە بەینیان. پێشینان و ودوامامەکانی تکلە دەگەڵ ئیلخانانی مەغول بە ئاشتی هێمنی دەژیان و لە سەر تەختی هێز مانەوە. تەنانەت ئاباق خانی مەغول حکومەتی خوزستان و کوهگیلۆیی و فیروزان و جرباتان «لەدەوروبەری هەمەدان» نیش بەوان سپارد. ئیمە لێرە مەبەستمان نییە شەرح و لێکۆلینەوە لە مێژووی لوڕستان بکەین، بەوەندە وازدێنین کە شەرەفخان بەڕاستی لوڕستان بە بەشێک لە کوردستان دەزانێ، کە بێجگە لە بەڵگەو شتە مێژوویەکان ویکچوونی ژیانی،ئاداب، کولتوورو بەشێکی زۆر فرەوانی زمانیش خۆی ئەوە دەسەڵمێنێ کە ئەمە ڕاستێکی حاشا هەڵنەگرە.

سەرچاوە :

خلاصە تاریخ کردستان: احمد قازی

لە ژمارە ٥٨٧ی رۆژنامەی "کوردستان" دا بڵاو بۆتەوە.

٢١ی جوونی ٢٠١٢

# شیرین" لە دو بەرهەمی وەفایی و هێمن دا

سەلاح گوڵ ئەندامی

پێشەکی

ئەو وتارە کە لێرەدا بڵاو دەبێتەوە بە نێوی شیرین لە دو بەرهەمی وەفایی و هێمن دا ، لە ئەسڵدا وتارێکە بە نێویَ شیرین تەشی نارێسێ بەڵام بۆ ئەوەی بەشێکی جیاوازی شیرین لە روانگەی دو شاعیری کورد مامۆستا وەفایی و مامۆستا هێمن باس دەکا ، لێرەدا بەو نێوە بڵاوی دەکەمەوە ، بۆیە باسی مە لێرەدا لێکدانەوەی شێعری شیرین تەشی دەرێسێی مامۆستا وەفایی نیە و باس باسی جیاوازی دو شیرین و سرجنێک لە سەر شێعرەکەی مامۆستا هێمن بە نیسبەت شێعری شیرین تەشی دەرێسێی مامۆستا وەفاییە .




سەردەمایەک بو ، هەستی دینی لە ناو خەڵکدا پتەو بو ، نە کوردایەتی پێش دینی دەگرت و نە دینداریش بە شێوەی روانینی کوردایەتی ئێستا پێشی کوردایەتی دەگرت. لەو سەردەمەدا شاعیریکی کورد و خودا ناس ، ئەهلی دڵ ، تەشی بە دەستێک لە نێوان رەنگە سەدان تەشی رێس دەبینێ و شاکارە شێعرێک دەخوڵقێنێ بە نێوی " شیرین تەشی دەرێسێ". لە سابڵاغی ئەو کات ئافرەتانی دیکەش بە شێوەی شیرین یان تەشیان دەرست یان ، خەریکی کاری وەک یارمەتی باخەوانی ، تفاق و جۆ دان بە مەر و ماڵآت و تەندور داخستن و نان کردن و شتی دیکەی لەو بابەتە بون. کچی وامان نەبو تروسکەی لولەی تفەنگی هەستی وەفایی بجوڵێنێ، سابلاغ وەک زۆربەی شارەکانی دیکەی کوردستان شارێکی سونەتی بو، وەفایی کە روانگەیەکی عارفانە و دیندارانەی بە دونیا هەبوو رەنگدانەوەی هەستی عرفانی خۆی لە هەمو شت دا دەدیت ، بۆیە کاتێک شیرینی تەشی رێس دەبینێ تەنیا تەشی نیە کە سرنجی رادەکێشێ، چونکە چی زۆر بو تەشی و تەشی رێس ، شیرین شتێک لە وجودی دابو کە ئاسمانی بو لە جنسی زکر و خەڵوەتی خانەقا، زەرافەتێکی شێخانە کە دەکرا لە قودرەتی جەزەبەی شێخانی نەهریدا لێی بگەرێی.

وەفایی رۆحیاتی تایبەت بە خۆی هەبوە. سۆفی مینەی حەلاج دەڵێ: کەرەتێکیان من و میرزا عەبدوڵا لە گەڵیدا ( مەبەست لە گەڵ مامۆستا وەفاییە ) چوینە باغی و هەر ئەوەندەمان خۆش بوو گەیشتینە پۆلێک گوڵی گوڵاوی تازە پوشکوتوو، دیتمان وەکوو کەسێکی گڕ گرتوو ئاور تێبەربوو کە خۆی بگەیەنێتە ئاو یا عاشقێکی سوتاو خۆی بخاتە مەعشوقێکی دوروڵات و دڵرفێنی خۆی خستە نێو پنجە گوڵەکە و باوەشی پێدا کرد و دەستی بە هاوار و گریان و وت و وێژی عاشقانە و راز و گلەیی و هەڵبەست و شێعر خوێندنەوە کرد تا بێهۆش بوو .... ١. وەفایی بەو رۆحیاتەوە دەروانێتە شیرین و بۆنی عەترێک دەکا کە درێژەدەری هەمان بۆن و بەرامەی کوچە باغەکانی سابلاغێ بوو، جۆرە سادەیەکی عەزەمەت کە لە گوڵە باغێکدا بە دی دەکرا، ئەو تەشیە زۆری فەرق بو ،، ئەو تەشیە لە دەستانی مەلەکوتی کچە کوردێکدا، لە مانای سادەی رستن دەچوە دەر ، لە عەرزی خاکی تێپەر دەبوو بە دڵدا هەڵدەکشا و سەری لە ئاسمان و کاکەشانەکان وەدەر دەنا،

تایێکی ڕیشەیی دڵ، بە نووکی غەمزە دادا
دەستێکی بۆ سەما برد ڕوویەندی ماهی لادا
نافەی گوڵی عەیان بوو، عەتری بە دەم سەبا دا
باریک و لووس و ناسک، دوو زولفی خاوی بادا
وەک شاخی گوڵ بە لا دا، شیرین تەشی دەڕێسێ

ئیدی ئەوەی دەیبینێ نەک سوڕانی تەشی بەڵکوو خولانەوە و نور پژاندنی ئەستیران لە فەزای بێکەراندایە

که کەوتە چەرخ و گەردیش تەشی بە دەستی ڕەنگین
هەودای لە لێو و دەم دا، خورشیدی سینە نەسرین
سەمای بە "زوزەنەب" دا "کەفولخەزیب"ی شیرین
گرتی خەتی "مەدارات"، شەفەق بە "عەقدی پەروین""
سێحرێکە بۆ دڵ و دین، شیرین تەشی دەڕێسێ
......
نووکی تەشی بە گەردیش قوتبێکە چەرخی پێوە
"مەجەڕڕە" بوو بە داوی کە چەرخی کەوتە نێوە
وەک "زوهرە" دەستی کێشا کە بەندی قەوسی زێوە
ئەستێرە ماهی داگرت سابت کرا بە پێوە
ئارەق بە ڕوو بەرێوە، شیرین تەشی دەڕێسێ ٢

وەفایی کە شێعر لە دەروێندا قوڵپەی کرد، لە گەڵ سورانی تەشی بە شێوەی دەروێشەکان سورا و زکری کرد و حاڵی لێ هات و سەری لە جێگەیەک وە دەر نا کە پیامێک بوو بۆ ئەوانەی ئەهلی دڵ و جوانین.

سەد و چەند ساڵ گوزرا تەشیەکی شیرین لە چەشنی ئەستێران بەر دەوام دەسوراوە تا کەسێک هات بە نێوی مامۆستا هێمن و ویستی رای گرێ ، بۆیە هات لە پێشدا شیرینێکی دیکەی ناساند، شیرینێکی بێ تەشی:

من تەشیرێسێکی وەک شـــــیرنی وەفاییم بۆ چییە؟
کیژی وریای چاوکراوەی فـــێرەزانـــــینم دەوێ

کەم نەبون و نین ئەوانەی وا دازنن بە هاتنی ئەو شیرینە شیرینی وەفایی باوی نەماوە و دەبێ تەشیەکەی فرێ دا. هەر لە سەرەتاوە مامۆستا هێمن شیرنی وەفایی بە گێل و چاو بەستوو دەزانێ و تەنیا هۆیەکەیشی لە تەشی رستن دا دەبینێ!!!
ئەو زەمان کارخانەجاتمان نەبوە و تەشی رستن بەشداری ئافرەت لە سورانی چەخی ئابوری و بژێو بۆ درێژەی ژیان بوە. کار کردن هیچ کات، ئێستاشی لە گەڵ بێ، نیشان دانی نازیرەکی و گێل بوون نەبوە و نیە. لە ئوروپا بە هەزاران کچ و ژن خەریکی کار لە رستوران و هوتێلداری و دەست شویی خاوێن کردنەوەن کەسیش بە نەزان ناویان نابا. تەشی رستنی شیرین لە کۆمەڵگایەکی سونەتی ئەو کات یانی کار لە حەوزەی بەرهەمهێنان و هەبوونی رۆڵی ژن لە چەرخەی ئیقتساد دا. کەوابوو تەشی رستنی شیرین بۆ دەبێتە ملاکی چاو بەستویی و نەزانی؟
لە لایەکی دیکەوەش با لە باری جوان ناسیەوە چاوی لێ بکەین. ئەگەر ئەو قسە لە زاری ئینسانێکی بێ قەریحەی شێعر و بێ زەوق و هەژار لە باری هێزی خەیاڵەوە هاتبا دەر قەیدی نەبوو. بەڵام جێگای سەرسورمان و داخە کەسێکی وەک مامۆستا هێمن کە خۆی شاعیرێکی ناسک خەیاڵە ئاوا بروانێتە شێعر. بە بروای من ئەو تێگەیشتنە هەڵەیە زۆرتر دەگەرێتەوە سەر ئەوە کە مامۆستا هێمن ئەوەی لە بەر چاو نەگرتوە کە عیشق شێعری شیرین تەشی دەرێسێی خولقاندوە. بۆ ئەوەی عیشق حزوری هەبێ دەبێ فەقەت عاشق و مەعشوق لە گۆرێ دابن و بەس. مامۆستا وەفایی جوان پەرەست بەو مانایە کە جوانی لە جنسی ئافرەتدا خولاسەی کاتەوە نەبوە. ئەگەر وا با عاشق نەدەبوو. جوان پەرەست لە ژێر تەوژم و فشاری روحێدا نیە، ناسوتێ و نازانێ هیجران چییە، چونکە جێگری بۆ مەعشوق هەیە، ئەو جوانە نا جوانێکی دی، وە چونکە جوانی مەحدود نیە وەفاداری بە مەعشوق و مانەوەش غەیرە مومکینە و هیچ کات ناگاتە ئاخ و سۆز و توانەوە و پلەیەک بە نێوی عیشق. ئەگەر خودی شێعرەکانی مامۆستا هێمن بکەیەنە محەک، مامۆستا هێمن رۆح و هەستی بە دیتنی هەر ئافرەتیکی جوان وە شەپۆل کەوتن دەکەوێ:

جوان پەرەستم جوان پەرەستم
بە دیداری جوانان مەستم
هەتاکوو جوانێ دەبینم
سارێژ دەبێ گشت برینم
یان دەڵێ:
جیلوەیی جوانی لە هەرچی دا هەبێ خۆشم دەوێ
رۆژێ کوشتەی مینی ژۆپ و رۆژێ گیرۆدەی شەدەم،

هێمن لە فرمێسکی رنوو دا دەڵێ
من بە فرمێسکی رنووی کوێستانی کورد پەروەردە بووم
کوڵمی سوور و چاوی شین و سینگی بەفرینم دەوێ

کە وا بوو مامۆستا هێمن بە شێوەی شاعیرانی وەک نالی مەستورەی خۆی نیە، یان وەک وەلی دێوانە بۆ کچێک بە نێوی شەم ناسوتێ، کەچی وەفایی شیرینی خۆی هەیە. کە وا بوو زۆر گرینگە بزانین کە مامۆستا وەفایی باسی تەبەقەی ئافرەت بە عام ناکا و شیرین نوێنەری جنسی ئافرەتی کورد نیە. شیرین یەک کەسە و هەر چۆن هەر ئینسانێک مافی خۆیەتی مەعشوقی خۆی خۆش بوێ و پێیدا هەڵبڵێ ماۆستا وەفاییش ئەو کارەی کردوە. کەچی شیرینی مامۆستا هێمن لە باسی عاشقانە دەرواتە دەر و نوێنەری ئافرەتی کوردی سەدەی نوێیە کە مامۆستا هێمن بانگەشەی بۆ دەکا و بە ئاواتی دەخوازێ. بۆیە بە داخەوە مامۆستا هێمن بە روانگەیەکی جوان ناسی چاو لە شیرینی مامۆستا وەفایی ناکا و لە دونیای مەعنەویات و شێعر دەچێتە دەرێ. ئەو جۆرێک بەرخورد لە گەڵ ئەو شێعرە دەکا کە گۆیا مامۆستا وەفایی ئێعلامیەی دەرکردبێ و کچی کورد بە تەشی رستن هان بدا و دژی خوێندن و زیرەکی بێ.
دەبێ بزانین کە کچە کوردێک ئەو کاتە تەشی دەرست، پیاوی کوردیش کڵاشی دەکرد، جاجم و بەرماڵی دەچنی و ئەگەر بێتو شاعیرێک زەرافەت و جوانییەک لە دەستەکانی پیاوێکی کڵاش چندا ببینێ و بیکا بە شێعر نابێ پێمان وا بێ شاعیرەکە پیاوی کورد هان دەدا وە شوێن خوێندن نەکەون. لێرەدا بە داخەوە عالەمی مەعنەوی و دونیای شێعری مامۆستا وەفایی دەرک ناکرێ و لە جیات روانگەیەکی شاعیرانە بۆ شێعرەکە بە شێعرێکی رەخنەیی کۆمەڵایەتی کە لە فکری سیاسی ئاو دەخواتەوە وەڵامی شێعرێکی عاشقانە و عارفانە دەداتەوە کە دو دونیای تەواو لێک جودان. لێرەدا نامهەوێ بچمە نێو باسی رۆڵی ژن لە شێعری مامۆستا هێمن دا. تەنیا دەمهەوێ هەڵسەنگاندێک بکەم بزانین جیاوازی ئەو شیرینانە لە چی دان. جا با بزانین مامۆستا هێمن چ جۆرە شیرێنێکی دەوێ:
ئەو شیرینەی مامۆستا هێمن کە زۆر شاعیر بە شێعر پێشوازی لێ دەکەن و زۆر نوسەر لە پێشەکی کتێبی نوسەرانی ئافرەتدا بۆ نمونە دەیهێنەوە لەو بەیتەدا زۆر بە رونی باسی لێ کراوە:

من تەشیرێسێکی وەک شـــــیرنی وەفاییم بۆ چییە؟
کیژی وریای چاوکراوەی فـــێرە زانـــــینم دەوێ

بەڵام بە راستی مامۆستا هێمن ئەگەر شیرینی وەفایی رەت دەکاتەوە ئایا خۆی باوەری بە شیرینی خۆی هەیە؟! ئایا بە راستی هەر زیرەکی و وریایی لێ دەوێ؟! من دەڵێم نا و مامۆستا هێمن لە چەندین جێگا لە چوارچێوەی تاریفی خۆی لە شیرین لادەدا بۆ نمونە لە شێعری بەهاری کوردستاندا دەڵێ :

سەرچاوە
Serchawe

لێو ئاڵن، دەم بچووکن خوێن شیرن، ڕەزا سووکن
کوڵمەیان وەک گڵوکن گەورە کچن، نەو بووکن
شل و مل و لەبارن چاو بەکل، گوێ بە گوارن
دەسماڵ پووڵەکەدارن شەدە و گێلگێلەدارن
ناسک و نەرم و نۆڵن خاوێنن ، سپی و سۆڵن
بڵباسی و توند و تۆڵن بە مژۆڵ جەرگان دەکۆڵن
.....
هەڵیان ماڵیوە باسک باسکی قەڵەو و ناسک
کە دەکەن تاسکە تاسک ڕەوەکترن لە ئاسک
.....
کیژی مەزرینگ و سەکرن بە لەنجە و لار ڕادەبرن
ناز دەکەن چاو دادەگرن کوڕگەل دەبەریان دەمرن
.....
کابانی قۆڵ بە بازن شەنگەبێری کێل گەردن
لە نێو مەڕ دێن و دەچن وەک پۆلی پۆڕان دەچن

لە کۆتـایدا دەڵێ:
مامز دایگرتووە شیری ناسک دەکوشێ پەنیری
ناز دەشێلێ هەویری کاڵێ دەکا نان تیری
هەر وەک دەبینین لێرەدا خەبەرێک لە زیرەکی نیە، کیژ لێرە دا کێل گەردن و خاوەن لەنجە و لارن و نازان دەکەن، چاو دادەگرن و دڵی کوڕان یەخسیر دەکەن. مامۆستا هێمن تەشی لە دەستی شیرین فڕێ دەدا بەڵام شیری پێ دەدۆشێ و پەنیری دەکوشێ و بە یەکی دیکە هەویر دەشێلێ!!! پرسیار ئەوەیە ئەگەر ئێمە لە باسی جوان ناسی و دونیای شێعر بچینە دەرەوە یانی هەر ئەو کارەی خودی مامۆستا هێمن دەرحەق بە وەفایی کردویەتی، ناکرێ بڵێین سەد ڕەحمەت بە شیرینی تەشی ڕێس؟!

من ئەگەر بمهەوێ چ لە باری شێعرێوە یان هەر وەک دەقێکی سادە قەزاوەت لە سەر ئەو دو شیرینە بکەم بە سەراحەت دەڵێم شیرینی وەفایی بە دەیان بەڵگە سەر و گەردنێک لە شیرینی مامۆستا هێمن لە سەرترە. ئێمە لە دونیای شێعری وەفاییدا لە گەڵ شیرینێکی سادق، ساکار، کورد، بە حوجب و حەیا و نەگۆڕ تەرەفین، کەچی لە هی مامۆستا هێمن دا وا نیە لە شێعری بۆ کچە کوردێکدا دەڵێ :
کچە کوردێکی نەشمیل و لە باری
بەوەی نییە ماوەیەکە چویە شاری
ئەگەر پێت خۆشە هەروا بت پەرستم
نەکەی لادەی لە دابی کوردەواری
کەچی لە شوێنێکی دیکەدا :
جیلوەیی جوانی لە هەرچی دا هەبێ خۆشم دەوێ
ڕۆژێ کوشتەی مینی ژۆپ و ڕۆژێ گیرۆدەی شەدەم

مینی ژۆپ لە گەڵ دابی کوردەواری بە تایبەتی دێهات ناتەبایە و بە پێچەوانەی ئەو شتەیە کە شاعیر لە شێعرێکی زووتری دا خەمی بۆ دەخوا. بۆ مامۆستا هێمن لێرە دا گرینگ داب و نەریت و ڕەسەن مانەوە نیە، گرینگ جوانیە کە داب و نەریتیشی فیدا دەکا و شەدە و مینی ژۆپ یەک شتن.
سەرچاوەکان
١ . دیوانی وەفایی ، میرزا عەبدول ڕەحیمی سابلاغی چاپی سەیدیان لە مەهاباد

٢. ساغ کردنەوە دیوانی وەفایی ، کاک سولەیمانی چیرە

٤ی ئاگوستی ٢٠١٢

ڕۆژهەڵات تایمز

سەرچاوە
Serchawe

# تێکچونی شیرازەی خێزان و هۆکارەکانی!

کوێستان عومەرزادە

بێ گومان خێزان ناوندێکی بنەرەتی و بەهێزی کۆمەڵایەتی و سیاسییە. پێشکەوتنی هەر کۆمەڵگەیەک بەندە بە ئەندامانی ئەو کۆمەڵگەیە و ئەویش بەندە بە پەروردەکردنیان لە خێزاندا. بەو مانایا کە خێزان بەربەرەپشتی هەر کۆمەڵگەیەکە. بێ گومان هەر کۆمەڵگەیەک بە پێی بار و دۆخی سیاسی و کوڵتوری خۆی قۆناغ بە قۆناغ گەشەی کردووە و هەر قۆناغەش کۆمەڵێ شت لەگەڵ خۆی هێناوە . بوونی گرفت و کێشە لە هەر خێزان و کۆمەڵگەیەک شتێکی سروشتییە، بەڵام دوای شورشی تێکنۆلۆجیا و زانیاری ئەو کێشانە پەرەی سەندوو ودەبینین کە رۆژ لەگەڵ رۆژ کێشە کۆمەلایەتیەکان رویان لە زیاد بوندایە ، لەوانە تەلاق کە تاڵترین و ترسناکترین دیاردەی کۆمەلایەتیە کە بناخەی خێزان لێک هەلدەوەشێنێ و کۆڵەکەی ژیان لە ژێر ئەو میچەدا بەرەو رووخان دەبات، ئەوکات کاردانەوەی خراپ لەدوای خۆی جێدێڵێت وە رەنگە هەندێک کەس خودی دیاردەی تەڵاق بە چارەسەر بزانن بۆ چرەسەرکردنی کێشەکان. بەرای من یەکێک لەو دیاردانە کە ئەمرۆ دەتوانم بڵێم وەک کێشەیەکی زەقی کۆمەلایەتی دەبینرێت وە بەردەوام سال لەدوای ساڵ رێژەکەی روی لە زیاد بوندایە، دیاردەی تەلاق یان جیابونەوەیە.



## پێناسەی تەڵاق !

ئەگەر بمان هەوێت وشەی تەڵاق پێناسە بکەین دەتوانین بڵین کە تەڵاق لە رووی مانای وشەوە واتە دەرباز بوون و لە زاراوەشدا بە مانای کۆتایی هێنان بە ژیانی هاوبەشە لە لایەن ژن و مێردەوە ، یاخود تەڵاق واتا هەڵوەشاندنەوەی ئەو پەیوەندیە کە لەنێوان ژن و مێردا هەیە بە پیی شەرع ئەو تەلاقە باتل نابێ تا ئەو قەرار دادە هەلنەوەشێتەوە. بەڵام دەکرێت بەشێوەیەکی تریش باسی بکەین و پێناسەیەکی تریشی بۆ بکەین ، بەو شێوەیە کە تەلاق تەنها جیابونەوە یان هەڵوەشانەوەی شیرازەی خێزان نییە، بەڵکو پەرتەوازەبوونی ئەندامانی خێزان وئاڵۆزتربوونی کێشەکانی کۆمەلگایەک بەدوای خۆشیدا دەهێنێت ، بە هۆی ئەوە پێکهاتەی هەر کۆمەڵگەیەک لە خێزان پێک دێت. هەر دیاردەیەک کە روبەروی کۆمەلگا دەبێتەوە بێگومان هۆکار و بەکگراوندی خۆی هەیە ، لەو نێوەدا دیاردەی تەلاق کە بەدلنیایە وە هۆکار خۆی لەپشتە . ئەگەر سەیری کۆمەڵگای خۆمان واتا کوردستان بکەین دەبینین رێژەی تەلاق زۆر زیادی کردوە چ لە رۆژهەلاتی کوردستا و وە چ لە باشور کوردستان، ئەگەر سەیری رێژەی تەلاقدان لە سالانی رابردوو بکەین واتا پێش شەری عیراق ئێران رێژی تەلاق زۆر کەم بووە، هەروەها رێژەی تەلاقدان ساڵان لە گوندەکاندا هەر نەبوو بەڵام ئێستا بەشێوەیەکی زۆر پەرەی سەندوە .بەرزبونەوەیە رێژەی تەلاقدان دەکرێ زۆر هۆکاری لە پشت بێت لەوانە کەم تەرخەمی و نەبوونی هۆشیاری پێویستی تاکەکان و هەروەها پرۆژەو پلانی پێویست لە لایان حکومەتەوە بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی هۆشیاری و بژێوی ژیان بۆخۆی یەکێکە لەو گریفتانە کە لە زیادبونی تەڵاق یاخود جیابونەوە بێ تەئسیر نییە. نەبوونی هۆشیاری و زانیاری دروست بۆ پێکهێنانی خێزان بە کێشەی سەرەکی جیابوونەوە ئەژمار دەکرێت. ئەگەر سەیری باشوری کوردستان بکەین دەبین کە ئەو ناوەند و رێکخراوانەی کە هەن یان دروست بوون بۆئەوەن کە پیشتیوان وهاوکاری و پشتگیری ئەو خێزانانە بن کە لەگەڵ ئەو کێشانە روبەرو دەبنەوە. هەروەها دەتوانن بە پێی ئامانجەکانی رێکخراوەکانیان کاری پێویست بۆ وەدیهێنانیان بکەن. کار و چالاکییەکانی ئەو رێکخراوانە ، بە رای من لە ئاستی پێویستدا نییە بۆ نموونە لە ساڵی ٢٠٠٤ لێژنەیەک بە ناوی فەتوا پێک هات ئەو لێژنەیە کە پێک هاتبوو لە ١٠ تا ١١ کەس .ئەرکیان هاوکاریکردنی ئەو ژن و پیاوانە بوو کە تووشی گرفت و کێشەی خێزانی ببونەوە و پێشکیریان دەکرد لەوەی ئەو ناوندە تێکبچێت . بەلام بەداخەوە ئەو لیژنە هیچ پیشتیوانیەکی لە لایان حکوومەت و پەرلەمانەوە لێناکرێت وەهیچ کەسی خۆی لە بەرانبەر ئەو گریفتانەدا بە بەرپرس نازانی. دەبین رێژەی جیابونەی رۆژ بەرۆژ زیا دەبێت و کۆمەڵگا تووشی قەیران و کێشە دێت. کاتی کێشەیەکی ئاوا روبەروی خانەوادەیەک دەبێتەوە، بێگومان ناخۆشەو سەرلێشیواوی و ئاڵۆزی بۆ هەمووی ئەندامانی دروست دەکات . گەر ئیمە سەیری جیهان بەگشتی بکەین وە دەبینین کە لە وڵاتانی ئوروپای تا کۆتایی سەدەی نۆزەی دیاردەی تەلاق لە کلیساکاندا نەبوو، بەڵام دوای شۆرشی پیشەسازی و گەشەسەندی لایەنی کۆمەلایەتی ئەو دیاردە زۆر زیادی کرد، بە پێی بۆچونی کۆمەلناسان فاکتەری سەرەکی بۆ بەرز بونەوەی رێژەی تەلاق ئازادی تاک و سەربەخۆیی لە بواری ئابوری ژنان بوو ، پاشآن کەمبوونەوەی عادەت و تەقالیدی کۆمەڵایەتی لەسەر ژنی تەلاقدراو و وەلانانی نۆرمە کۆمەلایەتیەکان بەتایبەت چەمکی (بێ وەژن) یان (ژنی تەلاقدراو) زیاتر پەرەی بەو دیاردەیە دا. ئەگەر سەیری کوردستانیش بکەین لەو روانگەیەوە، دەبینین کە دیاردەی تەڵاق لە هەموو کون و قوژبنێک ئەو کۆمەڵگایە هەیەو روی لە زیادبوونە و دەکرێ کۆمەڵناسان خوێندنەوەی پێویستی بۆ بکەن و لە هۆکارەکانی بە شێوەیەکی زانستی بکۆڵنەوە. ئەو خوێندنەوە خە لەتەی کە بۆ کۆمەڵگای ئێمەدا بۆ تەلاق و جیابونەوە ژنی تەلاقدراو دەکرێت لە کەمترین کۆمەڵگاکانی دیکەدا دەبینین ، بۆ نموونە لە کۆمەلگایەکی غەیرە کورد، ژن ترسی دوای تەلاقی لێ نانیشێ وناکەوێتە بەر توندو تیژی بە کەم سەیر کردن و نابوودکردن، یاخۆ زۆر جار هەر بەهۆی تەڵاقەوە دیاردەی سەرشەقام و لەش فرۆشی و ئالۆزبوونی لایەنی دەرونی لیدەکەوێتەوە . زۆر جار دەپرسم وەڵام ئەوەیە کە پەیوەندی بە کولتور فەرەهەنگی ئێمەوە هەیە ئەو شێوە خوێندنەوە بە رای من هەڵەیە، ئایا دەکرێ هەر شتێکی لە نێوە کولتوری ئیمەدا بوو سەردەمی نەماوە و بەسە چووە و بەردەوام پەیرەوی بکەین وهەوڵ بدرێت وچە بۆ وچە بیگوازیەوە، بێ گومان نا . بەداخەوە زۆرن ئەوانەی کە ناتوانن لەئاست ئەو دیاردەیەدا، بە جوانی و پۆزۆتیڤیانە بیرکەنەوە تەنیا هەوڵی ئەوە دەدەن کە کێشەکە ئالۆزتر کەن و ژنان ریسوابکەن و کێشەکان قوڵتر کەنەوە.

من لێرەدا دەچمە لایەنێکی دیکەی ئەوباسە ئەویش ، ئەو جیابونەوەو تەڵاقانەیە کە لە تاروگە دا روو دەدەن. بێ گومان زۆرمان لەسەر ئەوە بیستووە ، یەکێک لەو کێشانە کە من پێم وایە خەڵکی یان تێگەیشتنی تاکی کورد لەسەر ئەو باسە، ئەو تەلاق و جیا بونەوانەن کە لە نێوە ژن و پیاوی کورد روودەدات لە هەندەرا ن و تاراوگە، دەستبەجێ قەزاوەتی خراپی لەسەر دەکرێت کە ئەویش زوو بەلای ژنەدا دەشکیتەوە، کە دەڵێنن ژنەکە تێکەل بە فەرهەنگ و کولتوریکی جیاوازبوەو روبەروی کۆمەڵگایەکی ئازاد بۆتەوە بۆیە رێز لە مێرد ناگرێ و منداڵی بۆ گرینگ نیە هەروەها زۆر جار شتی زۆر ناشیرین بە دوای ئەو ژنانەدا دەخرێت کە تووشی ئەو حاڵەتە بووێن کە دەڵێن حەزی لە بەرەڵایی و بێ بەندو بارییە. ئایا ئەوە راستە، بەراستی هەموو ئەوانە جیادەبنەوە ، حەزیان لەو شێوە ژیانەیە

واتا ژیانی تەنیای و پڕ لە خەم لە ژیانی غوربەتیدا ، بێگومان نا ، بەداخەوە نەبووە کەسێک بەشیوەکی دروست بیر لەو مەسەڵەیە بکاتەوە وچارەسەری گونجاوی بۆ بدۆزێتەوە.

من پێم وایە زۆری ئەو جیابونەوای کە ڕودەدەن بەشی زۆریان کێشەکان لە تاراوگە دروست نەبوون بەڵکو کێشەیەکە بناغەکەی لە کوردستان داکوتاوە یان لە کوردستان هەبوو چارەسەر نەکراوە داوی گواستنەوەی شوێنی ژیان و نیشتە جێبونی ئەو ژن و مێردە هەمان کیشەو گرفت لەگەڵ خۆیان بار دەکەن بۆ هەندەران . لێرە لەم وڵاتە تازە کەهەموو شتێکی بگرە ئاو و هەواشی تازە یە بۆ ئەو کەسەی کە تازە ڕوو لەو وڵاتانە دەکات، کێشەکان زەق دەبنەوە بە هۆی ئەوەی ئازادی زیاتر هەیە لە بورای تاکە کەسیدا . کە واتا دەکرێ بڵێین کە هۆکاری زیادبونی گرفتی جیابونەوە زۆرن هەر وەک لەسەرەوە ئیشارەم پێکرد، بەلام ئاسان کاری بۆ جیابونەی ژن و مێرد لە دەرەوەی کوردسان ئاسانتر لە وڵاتی خۆمان . هۆکارەکان زۆرن بەڵام لایەنی ئابووری دەوری سەرەکی دەگێرێت ، بەتایبەت ژنان واهەست دەکەن کە ئەگەر بێتو لێرە جیاش بیتەوە نە لە لایەنی مادی و نە لە لایەنی توندو تیژ ڕوبەرو ڕوبەروی گرفت نابنەوە، بۆیە بریاری ئەوەدەدا کە ئەو گرفتە و کێشانەی کە چەند سالە لە گەڵیەتی زەقتری بکاتەوە و بریار جیابونەوە بدات ، کەواتە دەکرێ بلێین کە جیابونەوە یان تێکچونی شیرازەی خێزان شتێک نیە کە بلێێن تەنهاو لەو خانەوادانەدا ڕودەدا کە لە دەرەوەی کورستانن.ئەگەر سەیری ئامارەکای جیابونەوە بکەین .لەوانەیە ئەوەمان بۆ دەرکەوێت کە لە کوردستان ڕێژەی زۆر زیاترە تا شوینی تر. ئەگەر سەیر ئامارەکان بکەین دەبین کە ڕێژەکە سال لە دوای سال ڕوی لەزیاد بوونە و هەڵوەشانی خانەوادە لەبەر یەک هەر دیت و بەرفراوانتر دبێت. ئەگەر خەم خۆرێک نەبیت لەو نێوەدا بێگومان جیابونەوە دەبیتە کوڵتورێکی زەق لە کۆمەڵگای ئیمەدا . ئامارەکان کە هەن بەو شیوەیە لە ٦٠٪ ڕیژەی تەلاق لە عیراق بەدی دەکریت و بێگومان لە کوردستان .

## هۆکارەکانی جیابونەوە و هەڵوەشاندنەوەی خێزان

بە بیروڕای کارناسان هۆکارە جیاوازەکانی کۆمەڵایەتی کاریگەری بەرچاویان لە زیاد بوونی ڕێژەی تەڵاقدا هەیە. بە بۆچوونی ئەوان سەربەخۆی ئاوبوری کە ئافرەتان لە ڕووی ئابوورییەوە سەربەخۆ دەبن ئاماری تەڵاقیش دەچێتە سەرێ. چونکە لە گەڵ زیادبوونی داهات ئیتر ئافرەتان ناچار نین بارودۆخی نالەبار و دۆزەخ ئاسای ژیانی هاوبەش لە پێناو دابین بوونی نیازە سەرەتاییەکانی ژیان قەبوڵ بکەن، پاشان هۆکاری تر هەن لەوانە، لێک تێنەگەیشتن، زوو بریار دان بۆ ژیانی هاوبەش، توندو تیژ، دڵ پیسی، لایەکی ئابوری، بێگومان هۆکار زۆرن بۆ جیابونەوە ، وەک نەبوونی دیالۆگ لەنێوان ژن و مێردا کاتی ڕوبەڕوی کێشە دەبنەوە، هەڵسوکەوتی خراپ لەهەر دوولاوە، تەکنەلۆژیا . پاشان باش یەکتر نەناسین کچ و کور کە بەهۆی فەرهەنگی کۆمەڵگا دەرفەتی ئەوەیان پینادرێت کە باش یەکتر بناسن و بەشیوەی ئاسایی ڕۆژانە یەکتر ببینن .هەر کام لەوانە کە باسمان کرد گرفتی زۆر لەگەڵ خۆی دێنێ تا جیابونەوە بێتە ئاراوە، زۆر جار لێک وەرەز بوون و نەبوونی عەشق و عەلاقە دەتوانێ هۆکار بێت بۆ ئەمە.

## زیانەکانی تێکچوونی شیرازەی خێزان!

ئەگەر بە وردی چاو بەو مەسەلەیدا بگێرین دەبینین کە ئەوەی لێرەدا زەرەر مەند دەبێت و زیانی پێدەگات، هەموو ئەندامانی خێزانن ،بەڵام بەتایبەتی ئەوەی کە خەموو نیگەرانی و ئاڵۆزاوی و سترێس توشی دەبێت منداڵە، کەواتا قوربانی یەکەمی دیارەدەی جیابونەو یان پچرانی شیرازەی خێزان منداڵە کە زۆرترین زیانی لە باری ڕوحیەوە پێدەگات، بەتایبەت ئەو منداڵانە کە فام دەکەنەوە گەیشتونە تەمەنێکی وا کە بیر لە دابران و ئالۆزی پەیوەندەییەکان دەکەنەوە، بۆیە گەرئەو حالە هاتە پیش زۆر گرینگە من نائێم دایک و و باوک خۆیان بکەن بە سوتەمەنی لەبەر منداڵەکە ،بەڵکو دەبێت بە شێوەیەکی دروست هەڵسو و کەوت بکەن هەمو هەوڵی بۆئەوە بدەن کە ڕوونەدات، بەڵام گەر ڕوویدا با ژیرانە بێر کەنەوە و لەژێر تەئسیری حەساسیەت و عادەتی کۆمەڵایەتی پیوەندی نەپچکرێنن و پەیوەندی بەیەکەوە بکەن ، لەبەر ئەوەی منداڵەکە تووشی خەمۆکی نە بێت .

لە کۆتایدا دەتوانم و بە پێویستی دەزانم کە دەبێت ڕێکخراوەکانی مەدەنی و ڕێکخراوەکانی ژنان و ئەو ڕێکخراوانەی پیوەندیان بەو دیاردەیەوە هەیە، کۆنفراسێکی گشتی ساز بکەن بۆ ئەوەی گۆتارێکی ڕۆشنبیری بەهێزی لێبکەوێتەوە. داوا دەکەم کە هەموو ڕێکخراوەکانی بەرگری لە مافەکانی ژنان و منداڵان و ... دەکەم کە فشار بهێنن بۆ سەر لایانە پەیوەندارەکان،

هەروەها دەبێت، بە جیدی پێشگرتن لەو کێشە کۆمەڵایەتیانە بکرێت کە کاریگەری لە سەر خێزان دروست دەکات ، هەروەها مەرکەزی کۆمەڵایەتی مۆدێرن تایبەت بە منداڵان هەبێت، بۆ ئەوەی چیتر نەبنە قوربانی و نەکەونە سەرجاددەکان و لە لایەن باندە جۆراو جۆرەکان بۆ مەبەستی تایبەت بەکار نەهێندرێن یان بە تاوانی گەورەکان مەحکوم بە چوار دیواری زیندان نەکرێن.

ڕۆشنبیران و دەزگاکانی ڕاگایاندن دەتوانن پێکەوە کار بۆ کەمکردنەوەی ئەو دیاردەیە بکەن، چونکە لە دونیای مودێرندا ئەو دوو شتە کارتێکەری زۆر لە سەر هەموو بوارەکانی ژیاندا دەنێن، بۆیە نابێت ڕۆشنبیران و کۆمەڵناسان و دەروناسان کە پیوەندیان بەو دایرەدیە هەیە لە ئەرکیاندا کەمترخەم بن و دەبێت هەوڵی تەواو بدەن و ڕۆڵی خۆیان لە کۆمەڵگادا بگێرن.

٩ی ئاگوستی ٢٠١٢

سەرچاوە : کوردستان و کورد

# ژنانی کورد لە مێژووی ئیسلامدا



سیروان موساپوور

بە ئاوڕدانەوەیەک لە مێژووی کۆن و هاوچەرخی نەتەوەکەمان دەردەکەوێ کەم نین ئەو ژنانەی کە بە لێهاتوویی و توانایی خۆیان لە بوارە جیاجیاکاندا خزمەتی خەڵک و خاکی خۆیان کردوە و بە ئاستێک گەیشتوون کە ناویان وەک ژنانی ناوداری کورد لە لاپەڕە زێڕینەکانی مێژووی نەتەوەکەماندا تۆمار بکرێ. ژنانی کورد لە گشت بیاڤە سیاسی، کۆمەڵایەتی، ئابووری و کلتوورییەکان و تەنانەت لە مەیدانی خەبات و بەرخۆدانیشدا شانبەشانی پیاوان و بگرە زۆرجار لە پێشتر لەوانیش چالاکییان نواندوە و دەنوێنن. مێژووی نەتەوەکەمان پڕییەتی لە ناوی حەپسەخان و قەدەم خێرەکان و شانازی بە بوونی شێرەژنانێکی وەک خانزاد و مەستوورە و لەیلاکانەوە دەکا. دەسڕۆیشتوویی شێرەژنێکی وەک حەپسەخانی نەقیب یان خانزادی سۆران، هۆنراوە دڵبزوێن و سەرنجڕاکێشەکانی مەستوورەی ئەردەلان، دەنگی ڕەسەنی ئایشەشان و مریەم خان و، ئازایەتی لەیلاقاسم و لەیلا زاناکان و وانەوتنەوەی ژنە کوردێکی وەک ڕووناک یاسین مەریوانی لە زانکۆکانی دوبلین و هاروارد و .. بێجگە لە توانایی و لێهاتوویی ژنانی کورد داخۆ هەڵگری چ پەیامێکی دیکەیە؟

باسکردنی ژیان و بەسەرهات و ئاوڕدانەوە لە کار و چالاکییەکانی ژنانی کورد لە گشت بوارەکاندا، پێویستی بە نووسینی دەیان پەرتووک و سەدان وتار و لە هەمان کاتدا کەسانی شارەزا لەم بوارەدا هەیە. بەڵام ئەوەی لێرەدا پێویستە ئەگەر وەک سەرەتایەکیش بێ ئاوڕی لێ بدرێتەوە، باسکردن و ناساندنی ژنانی کورد بە تایبەت ژنانی ناوداری کورد لە مێژووی ئیسلام دایە. چونکە لەگەڵ ئەوەیکە بابەتێکی گەلێک گرینگ و باسهەڵگرە، لە هەمان کاتیشدا زۆر بە کەمی ئاوڕی لێدراوەتەوە و تەنانەت ئەگەر بە جۆرێک لە جۆرەکان و لێرەولەوێش باسی کرابێ، زیاتر لە لایەن کەسانی غەیرە کوردەوە بووە. دەبێ ئەوە باش بزانین کە سنووردارکردنی بابەتەکانی پێوەندیدار بە ژنان بە تایبەتی بابەتە مێژوویەکان لە تەنیا بوارێک یان چەند بوارێکدا، ناحەقییەکە کە لە بەشێک لە ژنانی کورد لە بوارەکانی دیکەدا دەکرێ کەبێگومان فەرامۆشکردنی ژنانی ناوداری کورد لە مێژووی ئیسلامیشدا دەچێتە ئەم خانەیەوە و پێویستە بۆ هەرچی زیاتر ناساندنیان هەوڵی زیاتر بدرێ.

هەروەک هەموو لایەک ئاگادارن مێژووی کورد و مێژووی ئیسلام لە زۆر قۆناغدا و لە زۆر لایەنەوە ئاوێتەی یەکتر بوون و ئەم تێکەڵاوییەش بۆتە هۆی ئەوەکە نە تەنیا لە ژنان بەڵکوو لە پیاوانیشدا کەسانی ئەوتۆ هەڵبکەون کە بە هەستێکی کوردانە خزمەتی ئایین و بە باوەڕێکی ئایینی خزمەتی نەتەوەکەیان بکەن. ژنانی ناوداری کوردی ناو مێژووی ئیسلامیش تەنانەت توانیویانە لە ئاستێکی بەرزدا و بە پێی توانا و لە قۆناغە جیاجیاکاندا خزمەتی مرۆڤایەتی بکەن و کار و کردەوەگەلێکی مرۆییانە ئەنجام بدەن کە لەو نێوەشدا دەتوانین وەک نموونە ئاماژە بە ژنە دەسڕۆیشتووەکانی بنەماڵەی ئەییووبی بکەین.

خەدیجەخاتوونی ئەیووبی، ڕەبیعەخاتوونی کچی ئەیووب، زۆهرە خاتوون و زەیفەخانی کچی مەلیک عاڵ و، شۆهدەی دینەوەری، ئەسماخاتوونی هەکاری، زێنەبی ئەسعەردییە و .. تەنیا ئەژمارێکی کەم لەو ژنە ناودارانەی کوردن کە ناویان لە مێژووی ئیسلامدا دەدرەوشێتەوە. دروستکردنی دەیان قوتابخانە و خوێندنگەی وەک مەدرەسەی حیسامییە لە لایەن زومورڕدخاتوونی ئەیووبی، خوێندنگەی مورشەدییە لە لایەن خەدیجەخاتوون و لە ساڵی 654ی کۆچی مانگی لە سووریای ئێستا و، خوێندنگەی خاتوونییە لە لایەن مۆنیسەخاتوونی ئەیووبی و .. حاواندنەوە و تەنانەت بەخێوکردنی ئەو کەسانەی کە دەرسیان گوتۆتەوە یان بۆ خوێندن ڕوویان لەو خوێندنگایانە کردوە، تەنیا بەشێکی کەم لە کارو خزمەتەکانی ئەو ژنانەن. لایەنێکی دیکەی کار و چالاکییەکانی ئەم ژنانە هاوکاریکردن و یارمەتیدانی هەژاران و بێنەوایانی سەردەمی خۆیان بووە. بە تایبەت لەناو ژنانی بنەماڵەی ئەیووبی لەبەر ئەوەیکە تا ڕادەیەکی زۆر دەسڕۆیشتوو و خاوەن دەسەڵات بوون، لە پێناوەدا هەنگاوی گەورەیان هاویشتووە. بێجگە لە هەمووی ئەوانەش زۆربەی ئەم ژنانە شارەزای زانستی حەدیس بوون و لە گێڕانەوەی حەدیسدا دەستێکی باڵایان هەبووە. بە گشتی دەتوانین بڵێین ژنانی کورد لە مێژووی ئیسلامدا لە زۆر بواردا و بە تایبەت لە بواری کۆمەڵایەتی و فەرهەنگییدا ڕۆڵێکی گرینگیان بینیوە و لە سیما درەوشاوەکانی ناو مێژووی ئیسلامن. ئەرکی ئێمەیە کە بۆ ناساندن و زیندووکردنەوەی بەسەرهات و کار و خزمەتەکانیان هەنگاوی جیددی هەڵگرین و ناو و یادیان تێکەڵاوی مێژووی ژنانی ناوداری نەتەوەکەمان لە گشت بوارەکانی دیکەدا بکەین کە بێگومان نووسینی ئەم وتارە کورتە و، خستنەڕووی چەند دێڕێک سەبارەت بە ناو و بەسەرهاتی ئەم ژنە کوردانە تەنیا وەک سەرەتایەک بۆ ئەم ئەرکە گرینگە و لە پێناوی وەها مەبەستێک دایە.

لە ژمارە ٥٧٨ی ڕۆژنامەی "کوردستان " دا بڵاو بۆتەوە.

٢٣ی مارسی ٢٠١٢

سەرچاوە : کوردستان و کورد

# بارودۆخی ژنانی کرێکار لە ئێراندا

شەهین سوڵتانی

لە یەکەم ڕۆژەکانی هاتنە سەرکاری ڕێژیمی ئیدئۆلۆژیکی کۆماری ئیسلامی ئیراندا، هەنگاویی دژە ژنی هاویشت و زۆرێک لە ژنانی بە بیانووگەلێکی جیاواز، خانەنشین کرد و فەرهەنگی" ژن دەبێ لە خزمەت پیاو و ماڵ و منداڵدا بێت" ی پەرە پێدا. بە گۆڕینی یاسای بنەڕەتی وڵات کە بە هەموو شێوەیەک دژی ژن و مافەکانی ژن وەک مرۆڤە، کاریگەری زۆری لەسەر بڵاوکردنەوە و جێ خستنی ئەو فەرهەنگە هەبووە و بوونە تەواوکەری یەک بە هەموو شێوەیەک بۆ چەوسانەوەی ژنان.





کار پێکردنی ئەم یاسا و فەرهەنگە، کێشەگەلێکی زۆری بۆ چینی ژنان بەگشتی و ژنی کرێکار بەتایبەتی پێکهێناوە و زۆرێک لە ژنان لەبەر لە دەست نەدانی کارەکەیان، بێ دەنگییان هەڵبژاردووە لە جیاتی ناڕەزایەتی دەربڕین.

ڕێژیم بۆ مانەوە و پەرەپێدان بە مەبەستە ئیدئۆلۆژیک و سیاسەتە چەوتەکانی خۆی، هێزە ئەمنیەتی و سەرکوتکەرەکانی لە هەموو شوێنێک دەسەڵاتدار کردووە، تەنانەت لە شوێنی کار و سەندیکا کرێکاریەکانیشدا! زیندانەکان پڕن لەو کەسانەی کە داوای مافی کار و ژیان دەکەن، پڕن لەو کرێکارانەی ناڕەزایەتی دەردەبڕن لە بەرانبەر بێ مەعیشیەتی و وەرگرتنی حەقی کاری خۆیان.

ڕێژیمی گەندەڵی ئێران بە هەموو شێوەیەک پشتیوانی لە خاوەن کارەکان دەکات و بە دزینی سەرمایەی چینی هەژار لەلایەن کاربەدەسانی دەوڵەتەوە، کرێکارانی ئێران لەگەڵ بارودۆخێکی خراپی ئابووری بەرەوڕوون و بە پێی ئامارەکان سەدان هەزار کرێکار، بێکار کراون.

ڕێژیم کە لەگەڵ بارودۆخێکی زۆر ناهەمواری ئابووری ڕووبەڕوویە و بۆ چارەسەری ئەم قەیرانە ماوەی ساڵێکە گەڵاڵەی ئامانجدار کردنی یارانەکانی هێنایە کایەوە، بە واتای لا بردنی سوبسید یان نرخی ئازاد بۆ شتومەک، ئەمیش نە تەنیا یارمەتیدەر نەبوو، بەڵکوو بارودۆخەکەی لەوە زیاتر نالەبارتر کرد و ژمارەیەکیتری زۆر بێکار و هەژارییەکی فراوانتری بۆ چینی کرێکار کردە دیاری.

ئابڵۆقە ئابوورییەکان کە بەهۆی سیاسەتە چەوت و دژ بە نێونەتەوەییەکانی کۆماری ئیسلامی، بەسەر ئێراندا سەپاوە، کە بە هەزاران کارگەی بچووک و گەورە مایەپووچ بوون و بێکارییەکی لە ڕادەبەدەری بە دواوە هاتووە و ژیانی خەڵک ڕۆژ بە ڕۆژ دژوارتر دەبێت و چینی هەژار و برسیش ڕووی لە زیاد بوون کردووە.

ئینجا دەسەڵاتداران و بە قەوڵ داکۆکیکەرانی مافی خوشکانی ئیسلامی، بیریان لە بەرنامەی کاری نیوە وەخت بۆ ژنان کردەوە کە بیدەن بە مەجلیس بۆ کار پێ کردنی! ئەمە جگە لە سیاسەتی سڵەمینەوەی ژن و خانەنشین کردنی ژنان و لاواز کردنیان بە هەموو شێوەیەک لە کۆمەڵگادا، چ خزمەتێک بە ژنان دەکات؟ کام کارگەیە ئامادەیە لەباتی یەک مووچە، دوو مووچە بە کرێکار بدات؟ ئەویش کرێکاری ژن! ژنانی کرێکار کە ڕووبەڕووی ئەو هەموو هەڵاواردنی جنسی و فەرهەنگی لە کاری تەواو وەختدا دەبنەوە، ئاخۆ بۆ کاری نیوە وەخت و نیوە مووچە، چ شتگەلێک چاوەڕوانیان بکات؟!

کۆمەڵگای کوردستان بەتایبەتی و کۆمەڵگای ئێران بەگشتی، کۆمەڵگایەکی پیاوسالارانەیە و بازاری کاریشی پیاوانەیە و سوننەتی. چەوسانەوەی گەلی کورد بە هەموو شێوەیەک و لە رووی پیشەسازیشەوە کە زۆر کز و لاوازە و هیچ خزمەتێکی لەم بوارەدا پێ نەکراوە لە کوردستاندا، بارودۆخی کرێکارانی کورد چ ژن و چ پیاو زۆر خراپە و نەبوونی کارخانە و شوێنی کار، بۆتە هۆی کۆچ کردنی کرێکاران بۆ شارە گەورەکانی ئێران، کە لەگەڵ زۆر کێشەی جیاواز ڕووبەڕوو دەبنەوە لە پێوەندی لەگەڵ دەستەبەر نەبوونی مافەکانیان وەکوو کەمترین مووچە لە بارودۆخی دژواری ئەمڕۆدا، نەبوونی ئاسایشی کاری و هەروەهاش کەمتر ڕۆژێک هەیە کە هەواڵی گیان لە دەست دانی کرێکارێک نەبیستین. ئەم کۆچ بەریە زیاتر پیاوان دەگرێتەوە و ژنان لە کوورەخانەکان و لە کارگە چکۆلەکاندا، وەکوو کارگەی ڕستن و چنینی فەرش دەست بەکارن، کە نە خاوەنی مووچەیەکی باش و نە تەندروستی کارین، نە بیمەی کارین، نە کار و مووچەی یەکسانن لەگەڵ پیاواندا و نە سندیکای کرێکاری و نە دایەنگەیەک بۆ ڕاگرتنی کۆرپەکانیانن وەچەندەهای دیکەش.

بەگشتی ژنی کرێکار لە ئێراندا لە بارودۆخێکی زۆر نالەباردا کار دەکات، لە بچووکترین قەیرانی ئابووریدا لەسەر کار لادەبرێن، و زیاتر لە پیاوێکی کرێکار دەچەوسێنەوە، زۆر جاریش بەرەوڕووی توندوتیژی و دەستدرێژی جنسی دەبنەوە و لەگەڵ دەربڕینی هەر چەشنە ناڕەزایەتییەک و دژکردەوەیەک ، هەم مافی کار کردن لە دەست دەدەن و هەم بەرەوڕووی سووکایەتی دەبنەوە و زۆرجارانیش هەڵدەکەوێ ئاکام لە زینداندا خۆ ببیننەوە!

بارودۆخی ژنانی کرێکار زۆر نائاساییە، زۆرێک لە کچان کە بە تەمەنی کارکردن نەگەیشتوون و کاردەکەن، کە کارەکە نە لەگەڵ تەمەنیان دەگونجێ و نە لەگەڵ و بارودۆخ و پێکهاتەی لەشیی ئەوان. هەموو ئەم هۆکارە نالەبەرانەی کارکردن لە کۆمەڵگای ئێراندا بەگشتی بۆ هەردوو ڕەگەزی کۆمەڵگا و ژنان بەتایبەتی دەبنە هۆی ئەوەی پاش ماوەی کارکردن، تووشی نەخۆشی و باری نالەباری تەندروستی ببنەوە و بەبێ هیچ پشتیوانی و بیمەیەکی گیانی و تەندروستی و بیمەی بێکاری داهاتوو کە ئەمەش هێندەی دیکە ژیانی ئەوان بەرەوئاڵۆزی وداڕووخان و گەلێک جاریش هەڵوەشاندنەوەی پێکهاتەی خێزانی دەبات، کارکردن بۆ ئەوان دژوارتر بکات لە هەلومەرجی هەنووکەیی ئێراندا.

زایینی: ١ی مای ٢٠١٢ ی زائنیی / ١٢ی بانەمەڕی ١٣٩١ی هەتاوی

کوردستان میدیا

سەرچاوە
Serchawe

# یاریە ئۆلۆمپییەکان

یارییە ئۆلۆمپییەکان یان ئۆلۆمپیاد (بە ئینگلیزی: **Olympic Games**) ڕووداوێکی وەرزشی جیهانییە، یاریزانانی جۆرەها وەرزش بەشداری تیادا ئەکەن ، هەموو چوار ساڵ جارێک سازئەدرێ .




کاتی خۆی لە یۆنان ساز ئەکرا ، بەڵام دواتر خانەدانێکی فەڕەنسی کە ناوی (پییێر فریدی بارون دی کۆبەرتان) ، لە کۆتاییەکانی سەدەی نۆزدەهەمی زایینی زیندووی کردەوە. بۆیە لە ساڵی (١٨٩٦ز) تا ئێستا هەموو چوار ساڵ جارێک سازکراوە ، تەنها لە ماوەی هەردوو جەنگی جیهانی یەکەم و دووەمدا نەبێ . لەساڵی (١٩٢٤ز)شدا یاری ئۆلۆمپی زستانەش دامەزرا. بەڵام لەوەتەی ساڵی ١٩٩٤ز ئەم یارییانە ناوە ناوە لەساڵی جیا جیا سازئەکرێن بەهۆی ڕێکەوتنی یارییە ئۆلۆمپییە هاوینییەکان.

مێژووی ئۆلۆمپی دابەشدەکرێت بۆ دوو قۆناغ، یەکەمیان مێژووی ئۆلۆمپی کۆن، لەگەڵ مێژووی ئۆلۆمپی نوێ.

## مێژووی ئۆلۆمپی کۆن

شارەزایان مێژووی دروستبوونی ئۆلۆمپی کۆن دەگەڕێننەوە بۆ ٧٧٦ ساڵ پێش زایینی لە وڵاتی یۆنان بە ئاماژەدان بەوەی کە لەسەر دیواری پەرستگاکان نوسراوە و کە چوارساڵ جارێک یارییەکانی بەڕێوەدەچوو، بەڵام هەندێکی تر لە شارەزایان مێژووی ئۆلۆمپی کۆن دەگەڕێننەوە بۆ ١٤٠٠ ساڵ پێش زایینی. سەرەتای رکابەریکردنی یارییەکانی ئۆلۆمپی بە یاری راکردن دەستی پێکردووە کە ماوەکەی ١٨٦ یاردە بوو، دواتر زیادکراوە و بووەتە ٨٠٠ یاردە، پاشان یارییەکانی زۆرانبازی و بۆکسێن و پێشبڕکێی راکێشانی عەرەبانە کە جوار ئەسپ رایدەکێشا، هەروەها ماوەی یارییەکانی ئۆلۆمپیات لە رۆژێک بۆ ٥ رۆژی دەخایاند ، هەروەها بەشدارانی یارییەکانی ئۆلۆمپیات بۆ ماوەی مانگێک پێش دەستپێکردنی یارییەکان دەگەیشتنە شوێنی یارییەکان بۆ ئەنجامدانی مەشق و پرۆڤە کردن، خەلاتی وەرزشکارە سەرکەوتووەکانیش بریتی بوو لە شێوەی کلیلێک لە گەڵای زەیتون و پاشان تاجێک دەخرایە سەری سەرکەوتووەکان، ئەم گەڵایانەش پیرۆز بوون چونکە لە نزیک پەرستگاکان دەڕوێنراو (هەرقل بگرس) یەکەم داری لە نزیک پەرستگای (زیوس) لە ئەسینا چاند. هەروەها بەشدارانی یارییەکانی ئۆلۆمپیات تەنها هاوڵاتیان و وەرزشکارانی ئاسایی بەشدارییان تێدا نەدەکرد، بەڵکو مەلیک و دەسەڵاتدارانی ئەوکاتیش بەشدارییان دەکرد، نموونەش مەلیکی یۆنانی (فیلیپ مەقدۆن) لە سێ خولی یەک لە دوای یەکدا بەشداری یارییەکانی ئۆلۆمپیاتی کردووە، هەروەها ئیمپراتۆری ڕۆمانی (تابیدۆس) بەشداری تێدا کردووە، کە یۆنان بەشێک بووە لە ئیمپراتۆرییەتی ڕۆمانی.

## مێژووی ئۆلۆمپی نوێ

مێژووی ئۆلۆمپی نوێ لە ساڵی ١٧٦٦ ەوە دەست پێدەکات پاش ئەوەی ئۆلۆمپی کۆن تووشی دارمان هات بەهۆی چەند ڕوودانی جەنگ و ڕووداوە سروشتییەکانی وەک( زەمین لەرزە و لافاو و هتد ...). دواتریش فەڕەنسییەکان چەندین هەوڵیانداو گەڕان بە شوێن پاشماوەکانی ئۆلۆمپیدا، بەڵام هەوڵەکانیان بێ سوود بوو، دواتر وەفدێکی ئەڵمانی بە سەرۆکایەتی (ئارنست کۆرتیۆس)ی ئەڵمانی لە ساڵی ١٨٧٥ ، کە بۆماوەی شەش شاڵ بەردەوام بوون بۆ گەڕان و دۆزینەوەی پاشماوەکانی ئۆلۆمپی، هەروەها سەرکەوتنیان بە دەستهێناو چەند ئاماژەو سەرەداوێکی گرنگیان دۆزییەوە سەبارەت بە مێژووی ئۆلۆمپی و قۆناغەکانی.

دواتر و لەسەردەستی هاوڵاتییەکی بە ڕەگەز فەرەنسی بە ناوی (بارۆن دی کۆپەرتان) کە لە ساڵانی نێوان (١٨٦٣-١٩٣٧)دا ژیاوە و دواتریش بووە سەرۆکی لیژنەی ئۆلۆمپی نێودەوڵەتی لە ساڵی ١٨٩٦ ، بیرۆکەی سەرهەڵدانی یارییەکانی ئۆلۆمپیاتی بنیاتناو سەرکەوتنی بەدەستهێنا لە بانگهێشتکردنی وەفدە بیانییەکان بۆ بەشداریکردن لە یارییەکانی ئۆلۆمپیات، پاشان لە ساڵی ١٨٩٤ بناغەی لیژنەی ئۆلۆمپی دانرا بۆ سەرپەرشتی کردنی یارییەکانی ئۆلۆمپیات و فیکیلاس بووە سەرۆکی لیژنەی ئۆلۆمپی نێودەوڵەتی و بۆ ماوەی دوو ساڵ بەردەوام بوو لە پۆستەکەی، هەروەها یەکەمین خولی ئۆلۆمپی لە ئەسیناوە سەریهەڵداو لە بەرواری ١٨٩٦/٤/٦ یەکەم خولی ئۆلۆمپی دەستپێیکردو ماوەی ١٠ رۆژی خایاند، هەروەها لیژنەی ئۆلۆمپی بۆ بەڕێوەبردنی یەکەم خولی ئۆلۆمپی پەنایان بردە بەر کۆکردنەوەی کۆمەک و هاوکاری بۆ بەڕێوەچوونی یارییەکان، دواتریش دەستورێک دانرا بە ناوی دەستوری ئۆلۆمپی و هەموو خولێکی ئۆلۆمپی لەسەر ئەو دەستورەو بە پێی یاساکانی بەڕێوەدەچوو، بەم شێوەیە دوای ١٥٠٥ ساڵ دابڕان یەکەم خولی یارییەکانی ئۆلۆمپیات لە ئەسینا و لەسەر دەستی فەرەنسییەک دەستی پێکردەوە.

## ئۆلۆمپییە کۆنەکان

یارییە ئۆلۆمپییەکان بە ناسراوترین خولی وەرزشی دائەنرێن لە مێژووی کۆندا. بۆیەیش بەم ناوەوە ناونراوە چونکە ناوی شارێکی یۆنانیە ، کە پێشتر پەرستگا بوو. لەساڵی ٧٧٦پ.ز سەری هەڵداوە ، هەرچوار ساڵ جارێک لەسەر شەرەفی (زۆس) ی خواوەندی گەورەی یۆنانیەکان و خێزانەکەی (هیرا) سازئەکرا ، و حەوت ڕۆژی ئەخایاند. یارییە ئۆلۆمپییەکان تەنها وەرزشێک نیە ، بەڵکو مانا و سیماییێکی

ئایینی و نیشتیمانی هەیە. مەزەندە ئەکرێ کە هەرقەل شەش وەرزشی داهێنابێ . لەسەدەی پێنجەمی پێش زایین ، ژمارەی یاری و پێشبرکێکان گەیشتە ١٣ یاری ، ١٠ یاری بۆ پیاوان ، ئەوانی تریش بۆ منداڵان ، دە یاریەکەش ئەمانە بوون : چوار پێشبڕکێی جۆراوجۆر لە ڕووی دوژمن ، زۆرانبازی ئازاد ، بۆکسێن ، زۆرانبازی یۆنانی ، پێشبڕکێی ئەسپ سواری ، پێشبڕکێی گالیسکە ، پێنج گۆشەکی.
یاریەکانی منداڵانیش بریتی بوون لەمانە : دوژمن ، زۆرانبازی ، بۆکسێن ، تۆپی پێ ، تۆپی دەست ، تۆپی باڵە ، کە هەموویان یاری ئۆلۆمپی بوون.

## ١٠ هەڵبژاردە براوەکان ئولەمپێکەکان



| ریز | ناوی وڵات | زێر | زیو | برۆنز | سەرجەم | پلە |
|---|---|---|---|---|---|---|
| ١ | ولاتە یەکگرتووکانی ئامریکا | ٩٣٠ | ٧٣٠ | ٦٣٨ | ٢٢٩٨ | یەکەم |
| ٢ | یەکیەتی سۆڤیەتی کۆن | ٣٩٥ | ٣١٩ | ٢٩٦ | ١٠١٠ | دووهەم |
| ٣ | ئیتالیا | ١٩٠ | ١٥٨ | ١٧٤ | ٥٢٢ | سێهەم |
| ٤ | ئاڵمان رۆژئاوا | ١٦٣ | ١٦٣ | ٢٠٣ | ٥٢٩ | چوارەم |
| ٥ | فەرانسە | ١٩١ | ٢١٢ | ٢٣٣ | ٦٣٦ | پێنجەم |
| ٦ | بریتانیا | ٢٠٧ | ٢٥٥ | ٢٥٣ | ٧١٥ | شەشەم |
| ٧ | ئاڵمانی رۆژهەڵات | ١٥٣ | ١٢٩ | ١٢٧ | ٤٠٩ | حەوتەم |
| ٨ | سوئید | ١٤٢ | ١٦٠ | ١٧٣ | ٤٧٥ | هەشتەم |
| ٩ | کۆماری گەلی چین | ١٦٣ | ١١٧ | ١٠٦ | ٣٨٦ | نۆهەم |
| ١٠ | مەجارستان (هەنگاریا) | ١٥٩ | ١٤١ | ١٥٩ | ٤٥٩ | دەهەم |

ئەم ریزبەندە بەر لە ئۆڵەمپێکی لەندەنی ساڵی ٢٠١٢ ئامادە کراوە.
لە ویکیپیدیا، ئینسایکلۆپیدیای ئازاد

=======================================================================

## خشتەی خانەخۆی کانی ئۆلەمپیکەکانی جیهانی

| ریز | شار | وڵات | قارە | ئاڵا | دورە | دورە | وەرز | ساڵ | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ١ | ئاتین | یونان | ئۆروپا | | ١ | — | هاوین | ١٨٩٦ | ئاوریل ٦ | ئاوریل ١٥ |
| ٢ | پاریس | فەرانسە | ئۆروپا | | ٢ | — | هاوین | ١٩٠٠ | مای ١٤ | ئۆکتۆبر ٢٨ |
| ٣ | سنتلوئیس[1] | ئامریکا | ئامریکای باکوور | | ٣ | — | هاوین | ١٩٠٤ | ژووئەن ١ | نوامبر ٢٣ |
| ٤ | لەندەن | بریتانیا | ئۆروپا | | ٤ | — | هاوین | ١٩٠٨ | ئاوریل ٢٧ | ئۆکتۆبر ٣١ |
| ٥ | ستکهولم | سوئید | ئۆروپا | | ٥ | — | هاوین | ١٩١٢ | مای ٥ | ژووئیە ٢٧ |
| ٦ | برلین | ئاڵمان | ئۆروپا | | ٦ | — | هاوین | ١٩١٦ | بە هۆی شەڕی یەکەمی جیهانی بەڕێوە نەچوو | |
| ٧ | ئانتۆرپ | بلژیک | ئۆروپا | | ٧ | — | هاوین | ١٩٢٠ | ئاوریل ٢٠ | سپتامبر ١٢ |
| ٨ | شامۆنیکس | فەرانسە | ئۆروپا | | --- | ١ | زستان | ١٩٢٤ | ژانوییە ٢٥ | فیورییە ٤ |
| ٩ | پاریس | فەرانسە | ئۆروپا | | ٨ | — | هاوین | ١٠٢٤ | مای ٤ | ژووئیە ٢٧ |
| ١٠ | سنت مووریتز | سوییس | ئۆروپا | | --- | ٢ | زستان | ١٩٢٨ | فیورییە ١١ | فیورییە ١٩ |
| ١١ | ئامستردام | هۆلەند | ئۆروپا | | ٩ | — | هاوین | ١٩٢٨ | مای ١٧ | ئووت ١٢ |
| ١٢ | لیک پەلاسد | ئامریکا | ئامریکای باکوور | | --- | ٣ | زستان | ١٩٣٢ | فیورییە ٤ | فیورییە ١٥ |
| ١٣ | لوس ئانجلس | ئامریکا | ئامریکای باکوور | | ١٠ | — | هاوین | ١٩٣٢ | ژووئیە ٣٠ | ئووت ١٤ |
| ١٤ | گارمیش-پارتنکرشن | ئاڵمان | ئۆروپا | | --- | ٤ | زستان | ١٩٣٦ | فیورییە ٦ | فیورییە ١٦ |
| ١٥ | برلین | ئاڵمان | ئۆروپا | | ١١ | — | هاوین | ١٩٣٦ | ئووت ١ | ئووت ١٦ |
| ١٦ | ساپورو | ژاپۆن | ئاسیا | | --- | | زستان | ١٩٤٠ | بە هۆی شەڕی دووهەم جیهانی بەڕێوە نەچوو | |
| ١٧ | تۆکیو | ژاپۆن | ئاسیا | | ١٢ | --- | هاوین | ١٩٤٠ | بە هۆی شەڕی دووهەم جیهانی بەڕێوە نەچوو | |

سەرچاوە
Serchawe

| | | | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ١٨ | کورتینا دە ئامپێتزو | ئیتالیا | ئۆروپا | --- | ٥ | زستان | ١٩٤٤ | بە هۆی شەڕی دووهەم جیهانی بەڕێوە نەچوو | |
| ١٩ | لەندەن | بریتانیا | ئۆروپا | ١٣ | — | هاوین | ١٩٤٤ | بە هۆی شەڕی دووهەم جیهانی بەڕێوە نەچوو | |
| ٢٠ | سنت مووریتز | سویس | ئۆروپا | --- | ٥ | زستان | ١٩٤٨ | ژانوییه ٣٠ | فیوریه ٨ |
| ٢١ | لەندەن | بریتانیا | ئۆروپا | ١٤ | — | هاوین | ١٩٤٨ | ژووئیه ٢٩ | نووت ١٤ |
| ٢٢ | ئۆسلو | نۆروێژ | ئۆروپا | --- | ٦ | زستان | ١٩٥٢ | فیوریه ١٤ | فیوریه ٢٥ |
| ٢٣ | هێلسینکی | فینلاند | ئۆروپا | ١٥ | — | هاوین | ١٩٥٢ | ژووئیه ١٩ | نووت ٣ |
| ٢٤ | کورتینا دە ئامپێتزو | ئیتالیا | ئۆروپا | --- | ٧ | زستان | ١٩٥٦ | ژانوییه ٢٦ | فیوریه ٥ |
| ٢٥ | ملبورن<br>ستکهۆلم (٢) | ئوسترالیا<br>سوئید | ئوسترالیا<br>ئۆروپا | ١٦ | | هاوین | ١٩٥٦ | نوامبر ٢٢<br>ژووئەن ١٠ | دسامبر ٨<br>ژووئەن ١٧ |
| ٢٦ | ئاسکوا ولی | ئامریکا | ئامریکای باکوور | --- | ٨ | زستان | ١٩٦٠ | فیوریه ١٨ | فیوریه ٢٨ |
| ٢٧ | رۆم | ئیتالیا | ئۆروپا | ١٧ | --- | هاوین | ١٩٦٠ | نووت ٢٥ | سپتامبر ١١ |
| ٢٨ | ئینسبرۆک | ئۆتریش | ئۆروپا | --- | ٩ | زستان | ١٩٦٤ | ژانوییه ٢٩ | فیوریه ٩ |
| ٢٩ | تۆکیو | ژاپۆن | آسیا | ١٨ | --- | هاوین | ١٩٦٤ | ئۆکتۆبر ١٠ | ئۆکتۆبر ٢٤ |
| ٣٠ | گرنوبل | فەرانسە | ئۆروپا | --- | ١٠ | زستان | ١٩٦٨ | فیوریه ٦ | فیوریه ١٨ |
| ٣١ | مکزیکو سیتی | مکزیک | ئامریکای باکوور | ١٩ | --- | هاوین | ١٩٦٨ | ئۆکتۆبر ١٢ | ئۆکتۆبر ٢٧ |
| ٣٢ | ساپورو | ژاپۆن | آسیا | --- | ١١ | زستان | ١٩٧٢ | فیوریه ٣ | فیوریه ١٣ |
| ٣٣ | مونیخ | ئاڵمان | ئۆروپا | ٢٠ | --- | هاوین | ١٩٧٢ | نووت ٢٦ | سپتامبر ١١ |
| ٣٤ | ئینسبرۆک | ئۆتریش | ئۆروپا | --- | ١٢ | زستان | ١٩٧٦ | فیوریه ٤ | فیوریه ١٥ |
| ٣٥ | مۆنتڕاڵ | کانادا | ئامریکای باکوور | ٢١ | --- | هاوین | ١٩٧٦ | ژووئیه ١٧ | نووت ١ |
| ٣٦ | لیک پلاسد | ئامریکا | ئامریکای باکوور | --- | ١٣ | زستان | ١٩٨٠ | فیوریه ١٤ | فیوریه ٢٣ |
| ٣٧ | موسکو | سۆڤیەت | ئۆروپا | ٢٢ | --- | هاوین | ١٩٨٠ | ژووئیه ١٩ | نووت ٣ |
| ٣٨ | ساراییوو | یوگوسلاوی | ئۆروپا | --- | ١٤ | زستان | ١٩٨٤ | فیوریه ٧ | فیوریه ١٩ |
| ٣٩ | لوس ئانجلس | ئامریکا | ئامریکای باکوور | ٢٣ | — | هاوین | ١٩٨٤ | ژووئیه ٢٨ | نووت ١٢ |
| ٤٠ | کالگری | کانادا | ئامریکای باکوور | --- | ١٥ | زستان | ١٩٨٨ | فیوریه ١٣ | فیوریه ٢٨ |
| ٤١ | سئوول | کوره باشوور | ئاسیا | ٢٤ | — | هاوین | ١٩٨٨ | سپتامبر ١٧ | ئۆکتۆبر ٢ |
| ٤٢ | ئالبرتویل | فەرانسە | ئۆروپا | --- | ١٦ | زستان | ١٩٩٢ | فیوریه ٨ | فیوریه ٢٣ |
| ٤٣ | بارسلوون | ئیسپانیا | ئۆروپا | ٢٥ | — | هاوین | ١٩٩٢ | ژووئیه ٢٥ | نووت ٩ |
| ٤٤ | لیلهامیر | نۆروێژ | ئۆروپا | --- | ١٧ | زستان | ١٩٩٤ | فیوریه ١٢ | فیوریه ٢٧ |
| ٤٥ | ئاتلانتا | ئامریکا | ئامریکای باکوور | ٢٦ | — | هاوین | ١٩٩٦ | ژووئیه ١٩ | نووت ٤ |
| ٤٦ | ناگانو | ژاپۆن | ئاسیا | --- | ١٨ | زستان | ١٩٩٨ | فیوریه ٧ | فیوریه ٢٢ |
| ٤٧ | سیدنی | ئوسترالیا | ئوسترالیا | ٢٧ | — | هاوین | ٢٠٠٠ | سپتامبر ١٥ | ئۆکتۆبر ١ |
| ٤٨ | سالت لیک سیتی | ئامریکا | ئامریکای باکوور | --- | ١٩ | زستان | ٢٠٠٢ | فیوریه ٨ | فیوریه ٢٤ |
| ٤٩ | ئاتن | یونان | ئۆروپا | ٢٨ | — | هاوین | ٢٠٠٤ | نووت ١٣ | نووت ٢٩ |
| ٥٠ | تورین | ئیتالیا | ئۆروپا | --- | ٢١ | زستان | ٢٠٠٦ | فیوریه ١٠ | فیوریه ٢٦ |
| ٥١ | پکن | چین | ئاسیا | ٢٩ | — | هاوین | ٢٠٠٨ | نووت ٨ | نووت ٢٤ |
| ٥٢ | ونکوویر | کانادا | ئامریکای باکوور | --- | ٢٢ | زستان | ٢٠١٠ | فیوریه ١٢ | فیوریه ٢٨ |
| ٥٣ | لەندەن | بریتانیا | ئۆروپا | ٣٠ | — | هاوین | ٢٠١٢ | ژووئیه ٢٧ | نووت ١٢ |
| ٥٤ | سووچی | رووسیه | ئۆروپا | --- | ٢٣ | زستان | ٢٠١٤ | فیوریه ٧ | فیوریه ٢٣ |

لە فارسییەوە کراوەتە کوردی

سەرچاوە Serchawe

# بارگەی یاران

مامۆستا هێمن

دێت و ڕادەبڕێ وەکوو سەروی ڕەوان من چ بکەم

کە بەقوربانی نەکەم ڕووح و ڕەوان من چ بکەم؟

قەدی ئەو شۆخە وەکوو دوخ و خەدەنگە ئەفسووس

پشتەکەم کۆمە وەکوو ماڵی کەوان من چ بکەم؟

تازە هەنگاوی شلم کوانێ دەبێ بۆ جێ ژوان

جوانە زۆر جوانە بەڵی ڕەوتی کەوان من چ بکەم؟

زەبری ئاوزەنگی بڕا و شل بووە دەستی جڵەوم

دێ دەنا پرمەی بۆر و بدەوان من چ بکەم؟

ژوانی خۆشی هەڕەتی لاوەتی دێتە خەونم

کاتی ئاویلکە دەگەڵ زیندە خەوان من چ بکەم

شەو هەتا ڕۆژی لەبەر ئێشی لەشم ناڵەم دێ

دێتە کوێم دەنگی گەڵو و نێوەشەوان من چ بکەم؟

بارگەیان تێکەوە پێچاوە و بەڕێ بوون یاران

لە دنێ وا بەتەنی پاشی ئەوان من چ بکەم؟

ژیانی من ئێستە وەکوو خۆری دەمی زەردەپەڕە

پێم نەما هێز و گوڕ و تین و ئەوان من چ بکەم؟

سروە هات خونچە گوڵی باخی ئەدەب پشکووتن

باخەوانی گەرەکە تازە جەوان من چ بکەم؟

ئاو نەبوو ئەو دەمی هێمن مەلەوانی کورد بوو

ئاو شوکور زۆرە وەرن زوو مەلەوان من چ بکەم؟




## Xemanan ٢٧١٢ کوردی خەرمانان

| هەینی | پێنج شەممە | چوار شەممە | سێ شەممە | دوو شەممە | یەک شەممە | شەممە |
|---|---|---|---|---|---|---|
| ٣ 24 | ٢ 23 | ١ 22 | | | | |
| ١٠ 31 | ٩ 30 | ٨ 29 | ٧ 28 | ٦ 27 | ٥ 26 | ٤ 25 |
| ١٧ 7 | ١٦ 6 | ١٥ 5 | ١٤ 4 | ١٣ 3 | ١٢ 2 | ١١ Sept 1 |
| ٢٤ 14 | ٢٣ 13 | ٢٢ 12 | ٢١ 11 | ٢٠ 10 | ١٩ 9 | ١٨ 8 |
| ٣١ 21 | ٣٠ 20 | ٢٩ 19 | ٢٨ 18 | ٢٧ 17 | ٢٦ 16 | ٢٥ 15 |
| رەحمان نەقشی | | | | | | |

وان

گۆڤاری ئینتێرنێتی یەکبوون گۆڤارێکی سەربەخۆیی مانگانەیە، لە ئامادە و بڵاو کردنەوە : رەحمان نەقشی

r_ neqsi@yahoo.ca

سەرچاوە
Serchawe